# بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە

سالَی دووەم ژمارە ( 29)  1/6/2018 | مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێكدا دەرئەچێت | بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە




## پیرۆزبێت ڕۆژی جیهانی منالان!

# خەڵكی كوردستان نابێ هیچ خۆشباوەڕییەكیان بە حكومەتی ئایندەی عێراق هەبێت!

## وتەی ژمارە

دوای هەڵبژاردنەكان بۆ ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق، هەموو حزب و لایەنە دەرچووەكان و بەشدارەكان لە هەڵبژاردنەكاندا، سەرگەرمی پێكهێنانی حكومەتن. دیارە لەو راستایەدا چ ئەمریكاو غەرب و چ وڵاتانی ناوچەكە بەشێكن لە یاریچیەكانی ناو كایەی پێكهینانی حكومەتی داهاتوو لە عێراقدا.

بۆ عێراق، پێكهێنانی حكومەتی تازەی دوای هەڵبژاردنەكان، تا ئێستا هاوتایە لەگەڵ قەوارەدانەوە بە دەوڵەتی عێراق... عێراق بە كردەوە بەدوای ساڵی ٢٠٠٣ وە تائێستا پێک نەهاتۆتەوە... ئەگەر جغرافیای عێراق، لەسەر نەخشەو لەناو لیستی وڵاتانی دانپیانراودا، وڵاتێكی بەرەسمی ناسراوە و دەوڵەتێكی ناو كۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە، بەڵام لە دنیای واقعیدا، دەوڵەتێكی سەربەخۆ بە ناسنامەی ئازادانەی و خاوەن سەروەری خۆیەوە بوونی نییە. هێشتا حكومەتێک بۆ ئەم دەوڵەتە نەتوانراوە دروستبكرێتەوە. لە جێگای دەوڵەتدا جەنگ بۆ سازدانەوەی دەوڵەت سەنتیزی ململانێی بزوتنەوە سیاسی و كۆمەڵایەتیەكانە، بە پشتیوانی وڵاتانی ناوچەكەو ئەمریكاو غەرب. لەو راستایەشدا پێكهاتنی حكومەت بەو جۆرەی لایەنەكان دەیانەوێت، بۆتە بەشێک لە قەوارە دانەوە بە دەوڵەت.

هەرچی ئەمریكاو غەربە و ناسیونالیزمی عەرەبە لە ناوچەكەو دنیای عەرەبدا، خوازیاری پێكهێنانەوەی دەوڵەت و حكومەت عێراقن، كە سایەو رۆڵی ئێران تیایدا بڕیاردەر نەبێت. بۆ ئێرانیش دروستكرنەوەو بنیاتنانەوەی پایەكانی دەوڵەت، بریتییە لە دەوڵەتێكی سێبەرو ملكەچی خۆی، كە هەژموون و رۆڵی بریاردەر لەدەستی خۆیاندا بێت. حزب و لایەنە سیاسییەكانی سەر بە بزوتنەوە كۆمەڵایەتی و سیاسیەكانیش، لە بازنەی بەرژەوەندیەكانی ئەو ململانێیەدا، كاراكتەری گوێ لەمست و ماشێنی سازدانەوەی حكومەتن.

بزوتنەوەی ناسیونال ئیسلامی شیعی، بە رۆڵ و دەستێوردانی یەكلاكەرەوەی ئیران، لە ساڵی ٢٠٠٣ و كەوتنی دەسەڵاتی بەعسەوە، توانیویانە باڵادەستی و دەسەڵاتداریێتی خۆیان، بەسەر عێراقدا بسەپێن و رۆڵ و نەخشی بزوتنەوەی ناسیونالیستی عەرەبی رۆژ بەرۆژ بەرەو دواوە ببەن... لەم چوارچێوەیەدایە كە بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی شیعی، دەیانەوێت بە بەڵێن و بانگەشەی پێكهێنانی حكومەتێكی نە تایفی و نە قەومی، نەسونی و نەشیعی، بزوتنەوەی ناسیونالیستی عەرەبی دەستەمۆی ناو حكومەتەكەیان بكەن و بە پێدانی هەندێک بەش بێدەنگیان بكەن و لەو رێگایەشەوە رۆڵی ئەمریكاو غەرب لاوازتر بكەن. لەو نێوەدا بزوتنەوەی ناسیونالیستی كوردی، كە بزوتنەوەیەكی بێ ئاسۆی و ئەزمەگرتووی خۆشخزمەتە... لە ژێر ناوی بەشی كوردا!! دەیانەوێت بەشی خۆیان لە حكومەتی داهاتوودا وەربگرن. ئەو بەشە كە ناسیونالیزمی كورد دەیەوێت، بودجەو داهات و چەند پۆستێكە لە عێراق و رەوایەتی وەرگرتنەوەیە بۆ درێژەدانی دەسەڵاتیان بەسەر هەرێمی كوردستاندا، دیارە لە هەلومەرجی ئیستادا، بە... بێ ئەوەی رۆڵی كاریگەرو یەكلاكەرەوەیان هەبێت لە كەركوكی" قودس و

بۆ لاپەرە ٢

## لە سێ مانگی سەرەتای ئەمساڵدا ١٠ ژن بوونەتە قوربانی دەستی ناموس پەرستی و پیاوسالاری!

بەپێی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، تەنها لە سێ مانگی سەرەتای ئەمساڵدا لە شارەكانی كوردستان ١٠ ژن تیرۆركراون... دیارە جگە لەوەش دەیان ژن پەنایان بردۆتە بەر خۆكوژی لەڕێگای خۆسوتاندن و خۆ خنكاندن و جۆری تری خۆكوژیەوە... بەو هۆیەشەوە ژمارەیەک ژن گیانیان لەدەستداوە یان شێواون و كەم ئەندام بوون... ئەم ئامارە نیشانی دەدات كە ڕادەی توندوتیژی دژ بە ژنان، روو لە زیادبوونە... هۆكاری زوربەی ئەو كوشتارانە دەست ئاوەڵابوونی چەقۆ وەشێنانی پیاوسالاری و ناموسپەرستی و بێدەنگی و بێدەربەستی دەسەڵاتی سیاسییە، لە سزادانی تاوانباران و بكوژی ژنان و ئەوانەی توندوتیژی دژ بە ژنان ئەنجام دەدەن. حزبەكانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسۆنی بۆرژوازی كورد، بە هەموو روداوێک كە كادرو چالاكوانێكیان، ئازار بدرێت یان زیندانی بكرێت، هاوارییان لێ هەڵدەستێت، بەڵام لەبەرامبەر جینۆسایدی بەردەوام و  پلە پلەی ژنان و كوشتن و ناچار بە خۆكوژییان، ویژدان تۆپیو و بێدەنگن... ئەوەش ئەو راستیەمان نیشان دەدات كە نیوەی كۆمەڵگەی كوردستان كە ژنانن، ڕاستەوخۆ لەلایەن حزبەكانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی و ویژدان مردووەوە دژایەتیان دەكرێت... ئەمەش ناكۆكی سەرەكی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی نەک تەنها لەبەرامبەر ویست و مافەكانی ژنان نیشان دەدات، بەڵكو ماهیەتی كۆنەپەرستانەیان روو بەتەواوی كۆمەڵگە دەخاتە روو...




## هەڵاواردن لە یاساكانی تایبەت بە كار دا، لە نزیكەی 104 وڵاتدا...ل3



## لەناو بازاری شاری دهۆك ڕۆژنامەنووس "مستەفا ساڵح" دەرفێنرێت ل 2

## بنەماڵە گەندەڵترین ئۆرگانی ناو كۆمەڵگە و هۆكاری توندوتیژی ل 4

لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* بەرگرتن بەم وەحشیگەرییە راوەستانی ریزی...............ل2
* ئاین ئامرازی چەوساندنەوەی كۆمەڵایەتی...................ل3
* پەنابەرانی كەمپەكان یۆنان ئاوارە دەبن...................ل4
* جیابوونەوە یان فشاربردن بۆ گۆرانكاری...................ل5
* سەردەشتەكانی نەوشیروان مستەفا یان....................ل6
* هەواڵی نارەزایەتییە كرێكاریی و جەماوەرییەكان.........ل7
* لەگۆشەیەكی ترەوە..................................ل8


## گۆشەی دیمانە لەگەڵ هەڵسوراوانی چەپ و كۆمۆنیستی زیندانی كراو... ل 9

## درێژەی..... وتەی ژمارە

دلّی کوردستان" و ناوچە کێشەلەسەرەکان. لەناو خانەوادەی بۆرژاوازی کوردا، دەنگێک هەیە کە لەبەرامبەر بە تورەییان لە ساختەکاری هەلّبژاردندا لە کوردستان، بایکۆتی پرۆسەی سیاسی عێراق بکەن، بەلاّم ئەمە تەنها کارتی گوشاری بەشێکی بۆرژوازی نارازی کوردە لە دەسەلاّتیان لە کوردستان. لەدنیای واقعیدا حزبە خۆ بە ئۆپۆزیسیۆن زانەکان، زۆر لەوە بودەلّەترن دەستبەرداری ئیمتیازات و دەستکەوتە حزبییەکانیان ببن لە بەغداد.
هەموو حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، بە رازیان و نارازییان لە دەسەلاّت و لە هەلّبژاردنەکاندا، هێزی یەکلاکەرەوە نین لە پرسی بنیاتنانەوەی دەولّەتی عێراق و حکومەتی نوێی دوای هەلّبژاردنەکاندا. ئەوە درۆیەکی گەورەیە کەبەشێک لە نوخبە و سەرانی دەسەلاّت دەیبەخشنەوە کە گوایە ئەمان هێزی کایگەرو بریاردەرن لە عێراقدا. راستی ئەوەیە ئەگەر هەموو حزبەکانی کوردستان بەیەک فراکسیۆن و بە یەکەوەش بچنە ناو کایەی دروستکردنی حکومەت عێراقەوە، ناتوانن لە دۆخی سیاسی عێراق و لەگەلّ بزوتنەوەی ناسیونالیستی عەرەبی و ئیسلامیەکانی بالاّدەست و شیعەی سیاسیدا، لە خێری ئەو دیموکراسییە!! بخۆن، کە بنەماکەی تایفی و قەومی و مەزهەبییە. بۆیە رۆلّی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بە تاک تاک یان بەکۆمەلّ، تەنها بوونە بەش و گوێرایەلّییە بۆ بزوتنەوە سیاسی و کۆمەلاّیەتییە ناسیونالیستی و شیعییەکانە، لەبەرامبەر وەرگرتنی ئیمتیازاتی تایبەت بەخۆیاندا. حزبەکانی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردی تا ئەو جێگایە پێگەیان هەیە، کە لە ململانێی ناوخۆی ناو خانەوادەی بۆرژوازی شیعی و سونی عەرەبیدا، پارسەنگی دروستکردنی حکومەت بەسودی لایەکیاندا بخەن و لەبەرامبەردا بەشی ئەو رۆلّەیان پێ بدرێت.
حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، لەسەر ئاستی عێراقدا ناتوانن هیچ ببرێنەوە. بە بەشداریان لە حکومەتی تازەی بەغدادا، تەنها ئەو رۆلّە دەبینن کە ببنە پشتیوان لە فیدرالیزمی پوچی قەومی و لکاندنەوەی فەرمی کوردستانی بەکردەوە دابراوەوە بە عێراقی تایفی و قەومییەوە. واتە بەکردەوە دەبنە بەشێک لە ئەجندای بزوتنەوەی قەومی و دینی و تایفی عێراق، بۆ پاراستنی یەکپارچەیی عێراق...
ئەوەی کە دەبێ جێگای هەلّوێستە بێت لەلایەن جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان و بزوتنەوەو خواستی سەربەخۆیی کوردستان ئەوەیە، کە بزوتنەوە و رەوتی جیاخوازو بزوتنەوەی سەربەخۆیی کوردستان لە عێراقی قەومی و دینی و تایفی عێراقدا، لەلایەن هیچ لایەن و حزبێکی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردی" بەدەسەلاّت و ئۆپۆزیسیۆنەوە" نوێنەرایەتی ناکرێت. ئەوەتا هەموویان لەبەردەم قاپی لیستە سەرکەوتووەکان!! و بریاردەرەکانی عێراقدا وەستاون بۆ بیناکردنەوەی عێراق و دروستکردنەوەی حکومەت و سوێند بە یەکپارچەییەکی نادلّخوازانە لە عێراقدا دەخۆن. دیارە لە ناوخۆیی کوردستانیشدا ئەو حزبانەی بزوتنەوەی کوردایەتی نوێنەرایەتی هیچ خواست و ویستێکی جەماوەری خەلّکی کوردستان و مافەکانیان ناکەن و بەپێچەوانەوە دژی هەموو ماف و ویستێکی رەواو ئازادیخوازنەی خەلّکی کوردستانن و ئەزمونی ٢٧ سالّەی رابردوش گەواهی ئەو راستییە.
بەو پێیەش ململانێی و چوونە ناو گەمەی سازدانەوەی حکومەت و هاوپەیمانییەتی تازە، دوورو نزیک نەک پەیوەندی بە بنیاتنان و نەخشەیەکەوە نییە کە ئایندەی سیاسی باشتر بۆ کوردستان بخاتە دەستورەوە، بەلّکو رێک لەدژی دیاریکردنی ئاینندەی ئازادانەی سیاسی کوردستان دەوەستێتەوە.
ئەمەش ئەو راستییە چەند بارە دەسەلمێنێتەوە، کە ئاسۆ و ئامانجی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد، لەسەر پایەی دژایەتی خواست و ویستی خەلّکی کوردستان و لەبەرامبەر بە ئاسۆی رزگاری بەخشی خەلّکی کوردستان و بزوتنەوە ئازادیخوازانەکانیدا، دەوەستێتەوە. بۆیە خەلّکی کوردستان نابێ هیچ خۆشباوەرییەکیان بە حکومەتی ئایندەی عێراق هەبێت. پێویستە رۆلّی ریاکارانە و سازشکارانەی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردی لە قاوبدەن، کە لە پێناو ئامانجە سیاسی و تەماحەکانی بۆرژوازی کوردا، دەیانەوێت خەلّکی کوردستان بکەنەوە بە بەشێک لە عێراقی قەومی و تایفی و دەسەلاّتی کۆنەپەرستانەیان.

**کۆتایی ئایاری ٢٠١٨**

## بەرگرتن بەم وەحشیگەرییە، راوەستانی ریزی یەکگرتو و رێکخراوی پەنابەرانی پێویستە!

بەپێی ئەو هەوالاّنەی کەلەمیدیاکانەوە بلاّوبوونەتەوە، چەند رۆژ لەمەوبەر باندێکی هاوبەش لەناسونالیستە فاشیستەکانی عەرەبی سوریا وئیسلامیەکانی ئەفغان، لەکەمپێکی پەنابەری دورگەی Mitilini لەیۆنان، بە بیانوی رۆژو نەگرتن، بەوتنەوەی (ئەلاّهو ئەکبەر) هێرشیان کردۆتە سەر کوردەکانی سوریا و لە ئەنجامدا ژمارەیەک لەو پەنابەرانە بریندار بوون، کە برینی ژمارەیەکیان سەختە.
ئاشکرایە ئەم بەربەریەتە، ئەم تاوان و خوێنرێژییە کەدەستی رەشی خۆی گەیاندۆتە پەناخوازانێک کەخۆیان قوربانی جەنگ و مالّوێرانی و زالّبوونی دەسەلاّتی نەگریسی ئیسلامی و قەومییە بەسەر کۆمەلّگەکانیاندا، گۆشەیەکیتر لەکارنامەی رەش و ئینسانکوژی رەوتە فاشیستە قەومی و ئیسلامییەکان لەدونیای ئەمرۆدا دەخاتە بەرچاوی کۆمەلّگەی بەشەریەوە. هاوکات ئەم هێرش وپەلامارانە بۆسەر پەنابەرانێک کەیەخسیری ژیانی ئاوارەیی وکەمپن، بەبێ ئەوەی بەئیختیاری خۆیان هەلّیان بژاردبێت، ئەویش لەولاّتێکی ئەوروپایی وەک یۆناندا، ئەلقەیەکیتر لە زنجیرەی دەستدرێژی وکوشتار وپەلامارە ئینسانکوژیەکانی رەوت و دەستەوتاقمی تیرۆریستی ئیسلامی و قەومی درێژدەکاتەوە کە هەم لەناوخۆی سوریاداو هەم لەدلی کۆمەلگە ئەوروپییەکاندا، ژیان و ئەمنیەت وئازادییەکانی هاولاّتیان دەکاتە بارمتەیەک بۆ داسەپاندنی کارنامەی رەش و کۆنەپەرستانەیان. ئەم هێرش و پەلاماردانە بۆسەر پەناخوازانی کوردی ناوکەمپەکان لەیۆنان، روویەکی تری هەمان ئەو هێرش وپەلاماردانەیە کەلەلایەن دەستەو تاقمی قەومی و گروپە ئیسلامیەکانەوە دەکرێتە سەر خەلّکی کورد زمان و ناچارکردنیان بە بە جێهێشتنی ولاّت.
فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی لەگەلّ ئەوەدا ئەم دەستریژی و تاوانە بەتوندی مەحکوم دەکا، هاوکات حکومەتی یۆنان بە بەرپرسی یەکەمی پاراستنی سەلامەتی گیانی هەموو ئەو پەنابەرانە دەزانێ کە لەئێستادا هانایان بۆئەم ولاّتە هێناوە. لەم پەیوەندەشدا دەبێ دەسبەجێ ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە بناسرێن و دەستگیربکرین و روبەرووی سزای توند بکرێنەوە.
فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی داوا لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەری ودەسەلاّتدارانی یۆنان دەکات کەکۆتایی بەسیاسەتی ئایزۆلەکردن وکەمپسازی پەنابەران بهێنن و بەدانی مافی پەنابەری و هاولاّتی بوون وگویزانەوەیان بۆ نێو کۆمەلّگە ئەوروپییەکان، ئەو زەمینە وفەزایە هەلّوەشێننەوە کە رەوتە فاشیستی و تیرۆریستە ئیسلامی و قەومییەکان گەرایان تیدا کردووەو بەهۆیەوە کارنامەی ئینسانکوژی خۆیانی تیا بەرێوەدەبەن.
هەر لێرەشدا فیدراسیۆن داوا لە هەموو پەنابەران دەکات کەبەریزی یەکگرتوو رێکخراوی خۆیان و بەکۆبونەوە لەدەوری فیدراسیۆن، نەخشەو پلانی ئەم ئینسانکوژانە ناکام بکەنەوەو رێگانەدەن کۆنەپەرستان شەرو هەرای قەومی و ئاینی ژیانی ئاوارەییان هێندەی تر گیرۆدەی کارەساتی ناهەموار بکات. پەنابەران لەهەرکویەکەوە هاتبن و بەهەر زمانێک قسە بکەن و هەرباوەرێکیان هەبێت، یەک چارەنووسیان هەیە و هەموویان گیرۆدەو قوربانی، جەنگ و دەعوای دەولّەتانی سەرمایەداری و شەری بەرژەوەندییەکانی دەستەوتاقمی کۆنەپەرستی قەومی و ئاینین. پەنابەران تەنها بەخەبات و راوەستانی یەکگرتو و ئینسانیخوازانەیان دەتوانن نەک هەر مەترسی وپەلامارەکانی کۆنەپەرست و فاشیستەکان ناکام بکەنەوە، بەلّکو خواستەکانی خۆشیان بەدەستبهێنن.

**فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی**
**٢٦/٥/٢٠١٨**

## لەناو بازاری شاری دهۆک رۆژنامەنووس "مستەفا سالّەح بامەرنی" دەرفێنرێت!!



شەوی ٢٦/٥/٢٠١٨ لەناوجەرگەی شاری دهۆک و لەناو بازاردا، چەند کەسێک بە جل و بەرگی مەدەنییەوە هەلّدەکوتنە سەر رۆژنامەنووس مستەفا سالّح بامەرنی و دەیرفێنن...کە تائێستا نەک ئازاد نەکراوە، بەلّکو هیچ زانیارییەک نە لەسەر دەستگیرکردنەکەی و نەشوێنی دەستگیرکردنەکەی و هۆکارەکانی ئاشکرا نییە. ئەوانەی کە لە نزیکەوە مستەفا دەناسن، هۆکارەکەی بۆ رەخنەگرتنی ناوبراو لەدەسەلاّتی سیاسی دەزانن و لایان وایە هۆکارەکەی بۆ ئەو رەخنەو نوسینانەی دەگەرێتەوە کە لەدژی دەسەلاّتدارانی هەرێم بلاّویکردونەتەوە.
ئیمە لە کاتێکدا دەسەلاّتی پارتی بەبەرپرس لە سەلامەتی و ژیانی رۆژنامەنووس مستەفا سالّح دەزانین و رفاندنی بە توندی ئیدانە دەکەین، خوازیارین ناوبراو دەستبەجێ ئازاد بکرێت و ئەوانەش کە رفێنەرن رووبەروی لێپرسینەوە بکرێنەوە. دیارە دەستگیرکردنی مستەفا سالّح و هەر رەخنەگرو رۆژنامەنووسێک، پێشێلکردنی ئاشکرای ئازادی سیاسی و ئازادی کاری رۆژنامەنووسییە... دەبێ لەلایەن ئازادیخوازنەوە ئیدانەبکرێت...

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.
* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بلاّوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەنالّی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بلاّوبوبێتەوە.
* بابەتی بلاّوبوەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بلاّوکردنەوەی هەیە، کە بۆپێشەوە بلاّوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بلاّوبۆتەوە.
* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بلاّوبونەوە لەدەست دەدات.
* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

# ئایین، ئامرازی چەوسانەوەی کۆمەڵایەتی...

## پەخشان کاکە وەیس



لەوەتەی خۆم بە بیردێت، تەنها یەک ڕۆژ بەڕۆژی بوومە، ئەویش مناڵ بووم و لە خۆشی ئەوەی وەکو گەورەیەک هەڵسوکەوتم لەگەڵ بکرێت و خۆم موهیم پیشان بدەم بڕیارمدا بەڕۆژوو بم. بە دایکم وت هەڵم بسێنێت پارشێو ئەکەم، بە تایبەت کە مناڵانی هاوتەمەنی خۆم لە گەڕەکی ڕەحیماوەی کەرکوک بەڕۆژو ئەبوون.

بەکورتییەکەی، ڕۆژووەکەی منێکی لەڕ و لاواز تا سەعات سێی دەمەو ئێوارەی خایاند و گەیشتە ئەوەی لەپەل و پۆ کەوتم، ئەوە بوو دایکم فریام کەوت و ئاوی بۆم هێناو شکاندم.

بۆچی ئەم چیرۆکەم بۆتان گێڕایەوە؟ مەبەستم ئەوەیە ڕۆژووەکەش وەکو زۆربەی کۆڵەکەکانی دیکەی ئایینی ئیسلام و زۆربەی ئایینەکانی دیکە، بۆتە بابەتی کۆمەڵایەتی و دوورکەوتۆتەوە لەو بنەما مرۆییانەی گوایە ئایین بۆی دروست بووە، قسەیەک کە زۆر باوە ئەڵێت (عادەتە نەک عیبادەت) واتا ئەوەی بەناوی ئایین و خواپەرستی ئەیکەیت، لەبەر چاولێکەری و ڕێزگرتنی داب و نەریتەکەی کۆمەڵگەیە نەک لە ترسی خوا.

زۆرجار بۆتە باسی ئەوەی کە، مەڵێ بەڕۆژوو نیم، عەیبە، بە تایبەتی بۆ ژن، پارچە پەڕۆیەک ئەداتە سەریا بۆ ئەوەی نەڵێن بەڕۆژو نییە، تەنانەت کە لە سوڕی مانگانەشە، هەر ئەیکات و بە دزی براو باوکی نان ئەخوات.

با ئەم چیرۆکەشتان بۆ بگێڕمەوە. یەکێک لە ڕەمەزانەکان، لە ناو تەکسی بووم، منیش کە لە بنەڕەتا سەرپۆش ناکەم، بۆ مانگی ڕەمەزانیش ئەو ڕیاکارییەم نەکردووە وسەرپۆش ناکەم، سایەق تەکسیش زۆر بە مسەیتەری وتی، ئەرێ خوشکم پرسیارێکم هەیە؟ منیش یەکسەر زانیم پرسیارەکەی چیی ئەبێت، چونکە لە سەروچاوی دیار بوو کڵاوێکی سپی کردبووە سەر و خاولییەکشی بەسەر شانییەوە بوو، وتم فەرموو. وتی: "ئەوە نەئەبوو لەبەر ئیحترامی مانگی ڕەمەزان سەرپۆشێکت بکردایە و جوانتریشە". منیش چونکە پرسیارەکە چاوەڕوانکراو بوو، وەڵامیشم بۆی ئامادەکردبوو ڕاست بە تۆنێکی تووڕەوە وتم، مەسەلەی ڕۆژو شتێکی زۆر تایبەتە بە کەسەکان و بۆت نییە ئەو پرسیارە بکەیت. ئەویش یەکسەر وتی، "خوشکم من وتم تووڕە نەبیت، ئەمە هەر پرسیارە"، واتا ناڕەزایی لە تووڕەبوونەکەشم هەبوو.

ئەم مۆدیلەی ئیسلامەی لای خۆمان خراپترین مۆدیلە چونکە زۆر بە توندی لکاوە بە داب و نەریتەوە و هیچ بەهایەکی مرۆڤ دۆستی و یەکسانی و خۆشەویستی و دادپەروەری تیا نەماوە (ئەگەر لە بنەڕەتیشدا هەیبووبێت!؟).

لەسەر بابەتی دادپەروەری و یەکسانی، ئەمانە تەنها قسەی بریق و باقن و لە ئەرزی واقع هەمووی پێچەوانەیە، چونکە لە مانگی ڕەمەزان هەموو بەرنامە و شێوازی ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵگە دەبێت لە خزمەتی ڕۆژووەوانەکان (بەڕۆژووەکان) بێت، بێ ڕۆژو نابێت هەبێت، یان ئەوەتا ملکەچی بەرنامەی بەڕۆژووەکان بێت. چەند مانگێک پێش ئێستا بەشداریم لە هۆڵی وەرزش و مەلاوانی کردبوو و کە ڕەمەزان نزیک بوو، دڵم خۆش بوو کە ئەم مانگە تۆزێک چۆل ئەبێت و بە ئیسراحەتی خۆم مەلە ئەکەم، کەچی هەر زوو ئیدارەی هۆڵەکە بانگەوازێکیان بڵاوکردەوە کە مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژ هۆڵ داخراوە و تەنها لە هەشتی شەوەوە کراوەیە.

تاک ئایینی و فەرامۆشکردنی سەرجەم پێکهاتەکان و ئایینەکانی دیکە جگە لە موسڵمان، بە تایبەتی لە مانگی ڕەمەزان دەگاتە ترۆپکی.

مانگێک پێش ڕەمەزان ماڵمان بارکرد بۆ عەنکاوە، یەکەم شت کە بە خەیاڵما هات و زۆر دڵم پێی خۆش بوو ئەوە بوو، ئێرە وەک هەولێر نییە و مانگی ڕەمەزان توانای هەناسەدانێکمان ئەبێت، بەڵام سەیرەکە ئەوە بوو کە چاوەڕوانمان نە ئەکرد، لە عەنکاوەش ڕەمەزانە، جارێ زوو سەمونخانەکەی نزیک ماڵمان قەپاتی کرد، دوکانەکانی مەشروب بەڕۆژ داخراون و گوایە ئەڵێن بە شەوان سێ سەعات کراوەیە، ئیتر ئەمانە و زۆر شتی دیکە. ئەگەر بەهەڵە نەچووبم خشتەی کارەباش بەپێی گونجانی بۆ بەڕۆژوان گۆڕاوە.

مەبەستم لەم نووسینە چییە؟ دەبێت ئایین نەکرێت بە چەکێک بۆ داپڵۆسین و سڕینەوەی تاکەکان، چیتر عادەت نەبێت، بەڵکو عیبادەتی ڕاستەقینە، چونکە کەوای لێ هات، ئەوکات ئەوەی حەزی لە عیبادەتەکە نەبێت نایکات، چیتر کەس نازت بەسەردا نەکات چونکە بەڕۆژووە و بیەوێت لەو ڕێگەیەوە مافی بەرامبەرەکەی بخوا، چیتر بەرنامەکانی ژیانی ڕۆژانە تەنها لە خزمەت ڕۆژوەوان نابێت و بەرژەوەندی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا لەبەرچاو ئەگیرێت...

# هەڵاواردن لە یاساکانی تایبەت بە کار دا

## لە نزیکەی ۱۰۴ وڵاتدا هەندێک کار تایبەت دەکەن تەنها بە پیاوانەوە.!!

**ئامادەکردنی: ئاراس ڕەشید**



یاساکانی کار لەو وڵاتانەدا دەربارەی کار بۆ ژنان و پیاوان لەیەک ناچن. ئەو یاسای کارانە کاریان دابەشکردووە بەسەر ژنان و پیاواندا. زۆرێک لەو کارانە بە پێی یاساکانی کاری ئەو وڵاتانە تەنها پەیوەست کراوە بە پیاوانەوە و ژنان ناتوان ئەو کارانە بکەن.

بۆ نموونە: ژنان لە کازاخستان ناتوانن و بۆیان نییە مەڕومالات و ئاژەڵ سەرببڕن، بۆیان نییە بەراز سەر ببڕن. هەروەها لە ڤێتنام دا ژنان بۆیان نییە و ناتوان تراکتۆرێک لێبخوڕن( بئاژۆن) کە تواناو هێزی ٥٠ ئەسپی هەبێ یا زیاتر.

بە پێی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی بانکی جیهانی کە لەو هێلکاریەی سەرەوەدا دیاری کردووە، ژنان لە ١٠٤ وڵاتدا بێبەش کراون و بۆیان نییە دەست بۆهەندێک کار بەرن. تەنانەت لە هەندێک وڵاتی زۆر دەوڵەمەندیشدا هەوڵ دەدرێت هەندێک شوێنی کار خاڵی بکرێت لە بوونی ژنان تێیاندا. لە هەندێک لەو وڵاتانەی کە لەگەشەکردنیش دان جیاوازی کردن و هەڵاواردنی ژنان زۆر بە ئاشکرایی دەبینرێت لە شوێنی کاردا.

سارا ئیقبال، کە سەر بەو بانکەیە دەڵێت "یەکسانی لە نێوان ژنان و پیاواندا لە ڕووی یاسای کارەوە پەیوەستە بە ڕێژەی ژنانی کارگەرو ڕێژەی دەسکەوت و بەدەسدتهێنانی پارە لە کارەکەیان دا." لەو بارەوە هەندێک وڵات لیستی هەندێک کاریان بڵاوکردۆتەوە لەوانە ڕوسیا کە دەڵێت هەندێک کاری وەک شەمەندەفەرو بەدەستەوەگرتن و بادانی سوکانی کەشتی زۆر سامناک و قورسە بۆ ژنان. لە هەندێک وڵاتانی تردا تەواوی سێکتەرەکانی کارکردن لەشەواندا لە ژنان قەدەغە کراوە. بۆ نموونە لە چوار وڵاتدا ژنان بۆیان نییە ببنە خاوەن کارو ئاڵوگۆڕی بازرگانی بکەن. لە ١٨ وڵاتی تردا ژنان بۆیان نییە بە بێ ڕەزامەندی مێردەکانیان کار بکەن، واتە مێردەکانیان دەتوان ژنەکانیان لەکار ڕابگرن.

ئامانج لێرەدا ئەوەیە کە لایەنی جێندەری لاواز بپارێزن... واتە وەک دەڵێن بۆ پاراستنی ژنانە. هەندێک یاسای کاری هەندێک لەوڵاتان ژنان دەخەنە هەمان ڕیزی منداڵانەوە. پێیان دەگوترێت ئەو کارە بۆ ئێوە ناشێ لە ڕووی جەستەییەوە قورسە بۆ ئێوە. بۆ نموونە کارکردن لە کانەکاندا و کاری نێو کارگەو کارخانەکان. کە دیسان دەڵێن بۆ سەلامەتی ژنان ئەو جۆرە کارانە باش نین.

بۆ نموونە لە شاری مۆمبای لە وڵاتی هیندوستان ژنانێک کە لە دوکان و بازارەکاندا شت دەفرۆشن و ئاڵوگۆر دەکەن ناتوانن و بۆیان نییە شەو درەنگانێک وەک پیاوان بمێننەوە و بەردەوام بن لە کارەکەیان دا. پێویستە ئەوان زوو لە بازار نەمێنن. هەروەها سارا ئیقبال دەڵێت: "لە هەندێک وڵاتیتردا ئەو جۆرە یاسایانەیان داناوە تا توانای ژنان تەرخان بکرێت بۆ منداڵ نانەوە."

مەسەلەی نەهێشتنی کارکردنی ژنان لە شەواندا و لە نێو کانەکاندا سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی پیشەسازی و بە تایبەتی لە وڵاتی ئینگلتەرا. کە ئەو کات پێیان وابوو ژنان نەک هەر تەنها لاوازن، بەڵکو ناشتوانن بڕیاری گونجاو بدەن. هەر بۆیە تا ساڵی ١٩٤٨یش ڕێکخراوی کاری نێونەتەوەیی پێی وابوو وا باشترە کە ژنان بەدوور بگیرێن لە کاری شەوانە و کاری نێو کانەکاندا.

بۆ نموونە وڵاتی ئیسپانیا تا ساڵی ١٩٩٥ ڕێگەی بە ژنان نەدا کە کاربکەن لە نێو کانەکان، لە بەشی کارەبا و هەندێک بەشی بیناسازی و تەعمیراتدا.


ئەوەی کە جێگەی تێڕامانە ئەوەیە کە هەر لەو دواییانەدا هەندێک وڵات شتی سەیریان سەپاندووە بەسەر ژناندا. بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٣ دا وڵاتی ڤێتنام ڕێگەی بڕی لە ژنان کە تراکتۆری بەهێزی ٥٠ ئەسپی و لەوە زیاتر لێبوخڕن.

لەو دواییانەدا وڵاتانی وەک بولغاریاو کۆلۆمبیاو کۆنگۆ و کیڕیباتی و پۆڵۆنیا هەندێک ڕێگریان لەبەردەم ژنان دا لابرد لە یاسای کاریاندا.

هەندێک جاران یاسا شکێنیش دەکرێت. بۆ نموونە کاتێک کە لە شوێنی کارێکدا کرێکاری پیاو وەک پێویست دەست ناکەوێت دێن ژنان وەردەگرن. بۆ نموونە وەک کە لە کۆلۆمبیا ڕوویدا. کاتێک کە زۆرێک لە پیاوان وازیان لە کارەکەیان هێنا لە کانەکانی مارماتۆ بۆئەوەی کاری تر لە شوێنی تر بە پارەیەکی باشتر بدۆزنەوە. هەروەها بۆ نموونە کاتێک کە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات خۆیان لکاند بەبەشە ڕۆژئاواییەکەیەوە زۆرێک لە کرێکارە پیاوەکان بەرەو بەشی ڕۆژئاواکەی کۆچیان کرد و بەو هۆیەشەوە دەبوایە شوێنەکانیان بە ژنان پڕ بکەنەوە. هەروەها لەبەر هەندێک هۆی تر بۆ نموونە سک پڕبوون لە لایەن ژنانەوە وای کردووە کە ژنان نەتوانن لە هەندێک شوێنی وا کار بکەن کە ماددە کیمیاویەکانی تێدا بەکاربێت.

# بنەماڵە گەندەڵترین ئۆرگانی ناو کۆمەڵگە و هۆکاری توندوتیژی

## هەتاو عەبدولاهی



ئەگەر بمانەوێ پێناسەیەک لە بنەماڵە بدەین دەتوانین بلێین یەکەیەکی کۆمەڵایەتی پێکهاتوو لە ژن و پیاوە کە لە ئاکامدا منالیان دەبێ و لەناو کۆمەڵگەیەکی بچووک بە یەکەوە ژیان دەکەن. هەڵبەت پێناسەیەکی تر لە بنەماڵە ئەوەیە کە چەند کەس بەهۆی بوونی بەرژەوەندی هاوبەش لە ناو ماڵێک و لە شوێنێک دەژین. پێناسەی بنەماڵە و کلتووری بنەماڵەکان بەپێی چەشنی هەڵکەوتەیی و شوێنی جوگرافیایی دەگۆڕدرێ و پێناسەی چەشناو چەشن لەخۆدەگرێ. بنەماڵە یەکەیەکی بچووکی ناو کۆمەڵگە واتە کۆمەڵگەیەکی بچووکە کە راستەوخۆ پەیرەوی لە کلتور و یاسای کۆمەڵایەتی دەکات کە کۆمەڵگەش راستەوخۆ لەسیستم و دەوڵەتەوە پەیرەوی دەکا، بۆیە بنەماڵە قەت ناتوانێ بە تەنیا بڕیاردەری پەروەردەی مرۆڤ بێ و راستەوخۆ پەیڕەوی لە سیستمی حاکم بەسەر ئەو ولاتەدا دەکات. هەر وەک ئاماژەمان پێدا لە ناو هەر وڵاتێک شێوە و پەروەردە و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی بنەماڵەیی دەگۆڕدرێ کە لێرەدا چەند نمونەیەک دەخەینە روو. لەناو وڵاتانی ئەوروپایی بەهۆی بوونی خەباتی ساڵهای سالّی چالاکانی بزوتنەوەی ژنان و ئازادیخوازان بنەماڵە نەقش و رۆڵ و پەروەردەی باشترە تا وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناڤین. ئەوەی مەبەستی ئێمەیە نەقش و رۆڵی بنەماڵە بۆ چەوساندنەوەی ژنان لە وڵاتانی رۆژهەلاتی ناوەراستە ئەو وڵاتانەی کلتوری چەق بەستووی ئایین و پیاومەزنی تێیدا زاڵە و ئایین بە تایبەت ئایینی ئیسلام راستەوخۆ شوێندانەری هەیە لەسەر بنەماڵەکان و بنەماڵەی کردووە بە گەندەڵترین ئۆرگانی چەوساندەوەی مرۆڤ بە گشتی و ژنان بە تایبەتی. لەو وڵاتانەدا بەهۆی ئەوەی هەموو سەرمایە و راگەیاندن و ئامرازەکانی ڕاهێنان بە تایبەت سیستمی فێرکردن و پەروەردە لەبەردەستی سیستمێکی ئایین سالار و پیاومەزنە ژنان هەمیشە قوربانی سەرەکی و توندوتیژین. یاسا لە وڵاتانی رۆژئاوایی تا رادەیەکی زۆر لە پشت ژنانە و بەرگری لە مافیان دەکات و تاوانبارانی کردەوەی توندوتیژی سزا دەدات، بەڵام لە وڵاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست یاسا بە ئامانجەوە پشتگیری لە قوربانیانی توندوتیژی ناکات و بەو هۆکارە ژنان لە ناو ئەو کۆمەڵگەیانە کاتێک توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێ بێ دەنگی هەڵدەبژێرن. توندوتیژی بۆتە میوانی ساتەکانی ژنان و ژنان بە کلتوری بێ دەنگی لەبەرامبەر ئەو تاوانە قیزەونە راهاتوون. سیستم بە ئامانجەوە بە دانانی ئەخلاقیانی ئیسلامی کە بەردەوام لەناو کۆمەڵگە بەرهەمی دەهێنێ، کۆمەلگە و بنەماڵە بەو راستایە هیدایەت دەکات و بنەماڵەکانیش نەقش و ڕۆڵی نەرێنی و مەترسیداریان لەو پەیوەندییەدا هەیە. لە کۆمەڵگە دواکەوتوو و ئیسلامیەکاندا بنەماڵە بە جێگای ئەوەی شوێنی ئارامی و هێمنی و ئەمنیەتی ژنان بێ، بۆتە مەترسیدارترین شوێنی ژیان کە سوکایەتی و لێدان و هەموو جۆرەکانی توندوتیژی تێیدا پەیرەو دەکرێ. ئەو ژنانەی لە ناو ئەو کۆمەڵگەیانەدا دەبنە قوربانی کردەوەی توندوتیژی بەهەموو جۆرەکانیەوە کەم نین زۆرجار ئاستی توندو تیژیەکە ئەوەندە مەترسیدارە کە خۆی لە سڕینەوەی جەستەی ژناندا دەبینێتەوە و دادگا و ڕیسا لەو نێوەدا تەنیا رۆڵی دیکوریان هەیە. بە داخەوە ساڵهای ساڵە بنەماڵە لەخزمەت حاکمانی سەرمایەدایە و ئامانجەکانی سیستم بۆ چەوسانەوەی ژنان بەرێوە دەبات. لە راستیداو بە واتایەکی دیکە توندوتیژی لەناو ئەو بنەمالانە تەنیا لایەنی جەستەیی بۆ سەر ژنان لە خۆ ناگرێ، بەڵکو توند دەرونی و توندوتیژی هزریو پەروەردەییو هتد... دەگرێتەوە. لەسەرتاسەری جیهان و لەرادەی جۆراوجۆردا ئەم دیاردە دژە مرۆڤایەتییە، چ بە شێوەی لێدان و سووکایەتی پێکردن، دەستدرێژی جنسی و باقی جۆرەکانی توندوتیژی جەستەیی خۆی دەردەخات و دواتر ئاسەوارە نیگەتیڤەکانی لەسەر رۆح و رەوانی ژنان خۆی دەنوێنێ. سیمای دزێوی توندوتیژی لەناو بنەمالەکان، لە ئازارو ئەشکەنجەی ژنان لە کاتی منالّییەوە دەست پێدەکات و لەهەر زەمەنێکدا بە سەرەنجدان بە پێکهاتەو بارودۆخی ژنان لەناو کۆمەڵگە دەگۆردرێ و پێناسەی چەشناو چەشن لەخۆ دەگرێ و، سیستمی سەرمایەداریش لەبرەوپێدانی رۆڵ دەگێڕێ. توندوتیژی تایبەت بەنیزامی چەوسێنەری سەرمایەداریە کە مانەوەی لەگرەوی هەڵسوکەوتی توندوتیژ بەدژی مرۆڤەکانە. بنەماڵە بۆتە شوێنی دەستدرێژی بۆسەر ژنان بە بیانووی مارەیی و فرۆشتنی ئەوان بە بیانووی بڕە مارەیی، بۆتە شوێنی کەم ئەندام کردنی ژنان کە دەتوانین باس لە خەتەنە بکەین. بنەماڵەکان لە ناو کۆمەڵگە دواکەوتووەکان بۆتە شوێنی ئازار و سوکایەتی و بە کەم گرتنی ژنان کە هەمووی لە روانگەی مڵکایەتی ژنەوە واتە مالکیەتی خسوسی سەرچاوە دەگرێ. لەناو ئەو جۆرە بنەماڵانەدا ژنان مڵکی سەرەکی پیاون و پیاو هەرجۆر کە مەیلی لەسەر بێ لەگەڵ ئەو مڵکەی هەڵس و کەوت دەکات. کۆمەڵگە و بنەماڵەی سیستمی سونەتی و دواکەوتووو سەرمایەدار کە دوو ئەبزاری ئایین و پیاومەزنی بۆ چەوساندنەوەی ژنان لەبەر دەستە بۆتە شوێنی کوشتن و برینی ژنان و بکەرانی ئەو جینایەت و ستەمە گەورە بەگشتی بکوژانی ژنان لە ناو بنەماڵە لە ئەندامانی بنەماڵە وەکو و باوک، برا، خاڵ، مام، زاوا و تەنانەت پیاوی دراوسێ پێک دێ، چونکە کاتێک لەناو ئایینێک دا باس لە بەردبارانی ژنان و مارەیی و کڕین وفرۆشی ژنان بکرێ و ئەو روانگە و هزرە دواکەوتوو و مەترسیدارە بەردەوام دەرخواردی تاکەکان بدرێ بێ گومان ئەندامانی کۆمەڵگەی بجووکیش کە ناوی بنەماڵەی لێنراوە ئیزن بە خۆیان دەدەن ببنە حاکم و بەرێوەبەری ئەحکامی خوایی و بۆ بەریوەبردنی ئەو ئایینەش لە هیچ جینایەتێک سڵ ناکەن. بۆیە دەتوانین بلێین بنەماڵە لە ناو سیستمی سەرمایەداری وئایین سالار و پیاومەزنی هۆکار و پەرەپێدەری توندوتیژی بە دژی ژنان و تا کاتێک سیستەم سیستمێکی مرۆڤ تەوەر نەبێ ناتوانین چاوەروانی ئەوە بین بنەماڵەکان رۆڵی بەرچاو لە پەروەردەی مرۆڤدا بگێرن.

# پەنابەران لەکەمپەکانی یۆنان لەترسی شەڕی قەومی و مەزهەبی ئاوارە دەبن!

## نووسینی: ڕۆژ عەزیز

چەند ڕۆژ پێش ئێستا لەنێو کەمپی میتیلینی لە یونان گرژی کەوتە نێوان پەنابەرانەوە، بەم هۆیەوە بەدەیان پەنابەر بەچەقۆ ودارو ئاسن بریندار بوون کە برینی هەندێکیان سەخت بوو، ئەم هێرشە سەرەتا بۆسەر کوردەکان دەستی پێ کرد لەلایەن ئیسلامیەکان و عەرەبە شۆڤێنیەکانی فەلەستین وعێراق و سوریاوە. هۆکاری ئەم هێرشە بەبیانوی ئەوە بوو کە کوردەکان کافرن و وە یەزیدی مەسیحیەکانیشی گرتەوە کە گوایە بەرۆژوو نین هەموو ئەمانە کافرن. هێرش و پەلامارەکان بە شیعاری اللەاکبرو ئێوە کافرن دەستی پێکرد و پەنابەران کەوتنە بەر هێرشی ئەم شۆڤێنی ئیسلامیانە کە وەک پەنابەرەکان باس دەکەین شیعاری داعشیان دەوتەوە ئارمی داعشیان بەرز کردۆتەوە، ئەوەی لەو هێرشەدا بەر لێدان کەوت زیاتر لە٣٦پەنابەر بوو ئەوەی دیکەی هەر ئەو شەوە ئاوارەو دەربەدەری کەمپەکان بوون بەرەو شارەکانی دیکەی ئەسینا و شارەکانی ئەو ناوچەیە لەترسا ڕۆیشتن و زۆربەیان ئەو شەوە لەترسی پەلاماری ئەم جەماعەتە نەخەوتن، بەڵکو لەسەر شەقامەکان و جێگاکانی دیکە رۆژیان کردوە، وە کەلوپەلەکانیان لەنێو کەمپەکەدا هەموو تالان کرا. وەک شایەتحالەکانی ئەو روداوە باسیان کرد پارەشیان براوە لەلایەن ئەم پەنابەرانەوە کە هێرشیان کردۆتە سەریان.

دوا بەدوای ئەم هێرشە ترس و دڵەراوکێ دەکەوێتە نێو پەنابەرانی کەمپەکانی دیکەو لە کەمپی سالۆنیکی یونانیش کوردەکان خۆیان ئامادەدەکەن بۆ ڕووبەروبوونەوەی ئەو هێرشەی دەکردێتە سەریان لەلایەن شۆڤێنیەکان و ئیسلامیەکانەوە کە ئەفغانیەکانیش بەشێکیان لەم هێرشدا هاوکاری ئەم شۆڤێنی وئیسلامیانە بوون، چونکە خۆشیان هەمان عەقڵی ئیسلامی وتوندڕەوی ئەمانەیان هەبوو. لەکەمپی سالۆنیک کوردەکانی سوریا عێراق ئێران بەشێکیان وەک تۆڵە سەندنەوە لە عەرەبەکان و ئیسلامیەکان بەدارو چەقۆ کەوتنە پەلاماردانی عەرەبەکانی نێو کەمپەکەو لەوێ هەموویان لەترسی ئەم هێرشە ناچار بوون کەمپەکە چۆڵ بکەن و بڕۆن، ئەمە تەشەنەی کردو شاری ئەسیناشی گرتەوە دیسان لەوێ ئینجا بووە شەڕی سوننەو شیعەو بەدارو چەقۆ پەنابەرەکان کەوتنە گیانی یەکترو چەندین کەس بریندار بوون.

خەڵکی ئەسینا کە ئەم ڕوداوانە دەبینن بێزاری بەرۆکیان دەگرێت لەچەند کەناڵێک باس لەنیگەرانیەکانیان دەکەن دەڵێن ژیانمان نەماوە بەسە شەڕ، بڕۆنەوە شەڕەکان بەرنەوە وڵاتی خۆتان بێزار بووین، خەریکە ئەمنیەتمان لێ تێک دەچێت. ئەم ڕوداوانەی ئەم چەند رۆژە وای کرد خەڵکی یونانیش نیگەران بکات. ئێستا پەنابەران هەموویان لەترسی یەکتری بوونەتە گروپ گروپی قەومی مەزهەبی و تەنانەت کەمپەکان وایان لێ هاتووە دابەش بوون بەسەر قەومی و مەزهەبیدا، ئەمەش ژیانی پەنابەرانی تەواو ناخۆش کردوە هەرچی راست دەبێتەوە پەلامار دەدات ئەفغانی و پاکستانییەکانیش لەم چەند رۆژەی رابوردودا بووە شەڕیان.

بەهۆی زۆری پەنابەران لە یۆنان کەمپەکان پڕ بوون جێگاو ڕێگەیان ناخۆشە. کاتێک کە شەڕیان دەبێت حکومەتی یونان وەک پێویست ناچێت کۆنترۆڵی شەرەکە بکات، بۆیە تەشەنە دەسەنێت بۆ کەمپەکانی دیکەش. وەک پەنابەرەکان باسیان لێ کردوە دەڵێن کاتێک لە کەمپی میتیلینی شەڕ بووە پۆلیس وهێزە ئەمنیەکانی یونان نەهاتوون فریامان بکەون، بۆیە کار بەوە گەیشت کە ئەم ڕوداوە تەشەنە بسەنێت، بەڵام دوا بەدوای نارەزایەتی پەنابەران و بڵاوکردنەوەی گرتە ڤیدیۆیەکانی شەڕو پێکدادانی پەنابەران وهێرشبەرەکان حکومەتی یونانی ناچارکرد دەست بۆ ئیجرائات ببات. لەو روداوانەدا پۆلیس ٣٧٠ پەنابەری دەستگیر کرد کە لەو پەلامارانەدا بەشدار بوون کە دەنگۆی ئەوە هەیە ئەو پەنابەرانە دیپۆرتی وڵاتەکانیان بکرێتەوە.

بەداخەوە پەنابەران کە لەبارودۆخی خراپ و چاوەروانیدا دەژین لەجیاتی ئەوەی یەکگرتوو بن و دەست بخەنە ناودەستی یەک و یەک دەنگ و یەکگرتوانە داوا بکەن چیتر لەچاوەڕوانی لەم کەمپانە نەمێننەوە جوابیان پێ بدەنەوە ڕەوانەی وڵاتانی دیکەیان بکەن، کەچی بەداخەوە ڕیزەکانیان لێک هەڵدەوەشێت پەلاماری یەکتر دەدەن. یەکتری بریندار دەکەن ژیان لەخۆیان تێک دەدەن. هیوادارم پەنابەران خۆیان لە شەڕو ململانێی قەومی مەزهەبی بپارێزن تا جارێکی دیکە دووچاری ئاوارەو دەربەدەری لێدان ئازار نەبنەوە. بەو هیوایەم لە مناسەبەتی قەومی مەزهەبیدا بەشداری نەکەن، چونکە زۆربەی ململانێکان لەمەوە سەر هەڵدەدات.

وەک باس دەکرێت بێجگە لەوەی ئەم شەڕە لەسەر بەرۆژو نەبوون بووە بۆیە پەلاماری کوردەکانیان داوە، باسێکی دیکەش ئەوەیە گوایە کوردەکان ئاهەنگیان گێراوە بۆ عەفرین و پشتیوانیان لەخەڵکی عەفرین کردوە کە داوایان کردوە کە هێزەکانی تورکیا لەسوریاو عەفرین بچنە دەر. هەر بۆیە دواتر ئیسلامیەکان و عەرەبە شۆڤینیەکان کە باس دەکەن ئەمانە داعش بوون بەمە نیگەران بوون و پەلاماری کوردەکانیان داوە. وە بێجگە لەمانەش ئێستا پەنابەرە ئیسلامیەکان خۆیان مزگەوتیان دروست کردووە لەنیو کەمپەکاندا بەزۆر خەڵک ناچار دەکەن نوێژ بکات، بەڕۆژوو بێت، ئەگینا هەرەشەی لێ دەکەن و پەلاماری دەدەن ئەمەش وای کردوە ئەوانەی باوەڕیان بە مەزهەب نییە نەوێرن لەبەرچاو ئەوان شت بخۆن ئەگینا، ڕووبەڕوی پەلامار دەبنەوە، ئەمە لەکاتێکدایە ئەو کەمپانە مەسیحی و یەزیدی و کەسانی بێباوەڕی تێدایە ....

# جیابوونەوە یان فشاربردن بۆ گۆڕانكاری

## عبدالرحمن رسول

له قۆناغی ئێستادا بارودۆخی زۆر لەبار هەیە بۆ گەشەی بزوتنەوەی كۆمۆنیزم. لە جیهاندا سیستەمی سەرمایەداری تووشی قەیران و كێشەی جۆراوجۆر بۆتەوە كەناتوانێت چارەسەری كێشە ئابووری و سیاسییەكانی بكات، هەروەها لەكۆمەڵگەی عێراق و باشووری كوردستان سەرجەم حیزبە بۆرژوازی و ئایینی و ناسیۆنالیستییەكان بۆ چارەسەركردنی كێشە و قەیرانەكان تووشی ڕكود و تێكشان بوون و لەناوەڕۆكی فكری دا بۆچارەسەری كێشە وقەیرانەكانی كۆمەڵگای عێراق و باشووری كوردستان لە پاشەكشە وهەرسی قوڵدان. لەلایەک جۆری سیستەم، سیستەمێكی فاشی و سەركوتگەرو نابەرابەر و چەوسێنەر ودز وگەندەڵكارە لەلایەكی تریشەوە ئەوانەی كە خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆن دەزانن و خۆیان دەكەنە دەم سپی و نوێنەری خەڵكی ناڕازی سەرشەقامەكان ئەوانیش كە پێكهاتوون لە حیزب و هێزە ناسیۆنالیستی و دینی و بۆرژوازییەكان كە گیریان خواردووە بە ركود و شكستە فكری و سیاسییەكانیانەوە، كە ئەمە بۆ زۆرینەی كۆمەڵگەی باشووری كوردستان و كۆمەڵگەی عێراق زۆر ڕۆشنە كە زۆرێک لە خەڵكی ناڕازی هەنگاوی باشی ناوە بۆ پێشەوە لە وشیاربوونەوە بۆ گۆڕانكاری، لە هەموو شاروشارۆچكەكانی باشووری كوردستان خەڵكی ناڕازی هاواری دەكرد (بڕوخێ دز ,بڕوخێ شەریكە دز) بۆ خەڵک ڕۆشنە كە دزەكان بەرپرسەكانی حیزبەكانی دەسەڵاتن (یەكێتی و پارتی) و شەریكە دزەكانیش حیزبەكانی بەناو ئۆپۆزیسیۆنی (ئیسلامییەكان و بزوتنەوەی گۆڕان و حیزبە دووكاندارەكانی دەوری یەكێتی و پارتی). هەربۆیە بەردەوام لەشەقامەكانی زۆربەی شاروشارۆچكەكاندا ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی خەڵكی ناڕازی بەم جۆرە سیستەمە مافیایەو سەركوتگەر ودزە درێژەی هەیە. خەڵک وشیارە دەزانێ بەدیلەكانی ناسیۆنالیستی و دیینی وبۆرژوازی كە ئێستا دەیخەنە ڕوو بۆ چارەسەری كێشە وقەیرانەكان لەدوای هەڵبژاردنەكان هیچ لەبارودۆخیان ناگۆڕێت، لەوچوارچێوەشدا زۆربەی خەڵكی عێراق و كوردستان بەشداری دەنگدان و هەڵبژاردنی ئەم ساڵی ۲۰۱۸ ی نەكرد كەواتە خەڵک زۆر وشیارە لە دوای ماوەیەكی تر دەچێتەوە سەرشەقامەكان داوای چارەسەری كێشە و قەیرانەكان دەكات. لەم بارودۆخە هەستیارەدا بێ توانایی بزوتنەوەی چەپ و كۆمۆنیزم لەو مەیدانەدا زۆر بەباشی دەبیندرێت.

پێویستی بەشی كردنەوەیەكی دروست هەیە بۆئەوەی بزانین بۆچی بزوتنەوەی كۆمۆنیستی شانبەشانی بزوتنەوەی ناڕەزایەتییەكانی خەڵكی چەوساوە نییە جگە لەنووسین و بەیاننامە دەركردن كەمتر لە مەیدانەكانی نوێنەرایەتی كرداری ناڕەزایەتییەكانی خەڵكی چەوساوە و ناڕازی خۆپیشاندەرەكان دەبیندرێت. دەمەوێت تیشک بخەمە سەرئەوەی كە جیابونەوە و لێكترازان چارەسەر نییە بۆ گەشەی بزوتنەوەی كۆمۆنیستی لەئێستادا، بەڵكو بۆ گەشەدان بە بزوتنەوەی كۆمۆنیستی و كرێكاری پێویستە بەنەخشە ڕێگای تر و نوێتر چارەسەر بكرێن كێشەكان.

ئەگەرباسی مێژوویی چەپ وبزوتنەوەی كۆمۆنیستی بكەین لە چەندین ساڵی رابردوودا بەتەنها چریكی فیدائی ئێران هەژدە بەشی لێ جیابۆتەوە، لەناو راهی كارگەری ئێران چەندین بەشی لێ جیابۆتەوە، لە وەتەی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران دامەزراوە هەتا ڕۆژانی ئێستا چەندین جار وازهێنانی بە دەستە دەستە ڕووی داوە زیاتر لە دوانزە بەش و حیزب جیابۆتەوە و دواتر حیزبی تریان بەناوی جیاوازە دروست كردووە، لە ئێستا زیاتر لە چەندین حیزب و ڕێكخراو كە لەو حیزبە جیابوونەوە چەندین ناوی جیاوازیان لەخۆیان ناوە وچەندین كۆمەڵە هەیە، دواتر حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی ئێران بەهەمان شێوە لەدوای نەمانی هاورێ مەنسور حكمەت زیاتر لە هەشت حیزب و ڕێكخراو بەناوی جیاوازە دروست بوون، هاورێیان ئەوا باسی حیزبی شیوعی عێراق ناكەم كە لەوەتی دامەزراوە هەتا ئێستا چەندین دەستە و ڕێكخراو حیزبی لەجیابۆتەوە بەناوی جیاوازەوە كە ئەو حیزبە (حیزبی شیوعی عێراق و حیزبی شیوعی كوردستان) بەحیزبی بێ كاریگەر دەزانن كە لەڕاستیشدا هەروایە زۆر لاوازو بێ كاریگەرە لە مەیدانی سیاسی و كاریگەری دانان بۆ گۆڕانكاری لەكۆمەڵگای عێراق و باشووری كوردستاندا بەڵام ئەوەی لێرەدا دەمەوێت وەک (بێ لایەنێک كە پەیوەندییم بەهیچ حیزبێكەوە نییە، بەڵام كەسێكی كۆمۆنیست و ئازادیخوازم) باسی نەریتی جیابونەوە لەحیزبە كۆمۆنیستەكان دەكەم ئایا دەكرێ تاكە ڕێگا بێت بۆ گەشەدانی بزوتنەوەی كۆمۆنیستی؟ بێگۆمان نەخشە ڕێگای تر هەیە كە بمانەوێت بزوتنەوەی كۆمۆنیستی لەسستی ولاوازی و لەكەوتنەوە بەرەو هەستانەوە بەرین، بەرەو كاریگەری دانانی باشتری بەرین.

حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق كە دامەزرا لەبەرئەوەی خۆیی لە حیزبی شیوعی بەڕادیكاڵتر و پێشكەوتنخوازتر و داكۆكی كارتر دەزانێت لە جێبەجێكردنی نەخشە ڕێگای بەدیلی كۆمۆنیستی لە عێراقدا. پێی وابوو دەتوانێت باشتر لە حیزبی شیوعی عێراق و حیزبی شیوعی كوردستان كاریگەری لەسەر گۆڕانكارییەكان دابنێت و بزوتنەوەی كۆمۆنیستی بەرەو پێشتر بەرێت. قسەی من ئێستا ئەوە نییە كە حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری وحیزبی شیوعی كامیان بەرنامەی باشترەو كۆمۆنیستی ترە قسەی من لەسەر ئەوەیە چۆن دەكرێ بزوتنەوەی كۆمۆنیستی بەهێز بكەین ئایا چەند ساڵ جارێک بەشێک یان چەند كەسێک بچنە دەرەوە و حیزبێكی جیاواز دروست بكەن چارەسەرە؟! ئایا بزوتنەوەی كۆمۆنیزم گەشە دەكات و كاریگەری لەسەر بارودۆخی كۆمەڵگە دادەنێت؟ ئەگەر ئەمە چارەسەرە ئەی بۆچی چەندین حیزب هەیە بە ناوی جیاوازەوە خۆشیان بە چەپ و كۆمۆنیست دەزانن، بەڵام حاڵی بزوتنەوەی كۆمۆنیستیش دەبین لەئێستادا. كە لە پروش وبڵاوی ولاوازی زۆردان هەر یەكەیان مەحفەلیزمێک نەک بزوتنەوەیەكی كۆمۆنیستی و كرێكاری.

كە لە ساڵی ۱۹۹۳دامەزراوە وەكو حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری ی عێراق، هەتا ئێستا چەندین دەستەی لێ جیابۆتەوە لە دوای نەمانی هاورێی مەنسورحكمەت لەژیان چەندین كەس و دەستە لەو حیزبە جیابونەوە و حیزب و ڕێكخراو و ڕەوت و ناوەندی جۆراوجۆریان دامەزراندووە، هەر هەمووشان كە لەسەرەتادا جیابوونەوە چ ئەو هاوڕێیانەی كە لە حیزبی كۆمۆنیستی ئێران و چ كۆمەڵەكان و چ ئەو هاوڕێیانەی كە لە حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی ئێران و چ ئەو هاوڕێ یانەی لە حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق جیابوونەوە وێرای لەسەرەتا بڵاوكردنەوەی هەندێ بابەتی ڕەخنەیی دەروونی حیزبی لەو سەردەمانەدا هیچی جیاوازیان بۆ كۆمەڵگە پێ نەبووە، كەبتوانن نەخشە ڕێگایەكی دروستتر لەهاوڕێیانی پێش خۆیان هەبێت بۆئەوەی سەرنجی زیاتری خەڵكی چەوساوەی پێ ڕابكێشن و شۆڕشی كرێكاری و كۆمۆنیستی پێ بەهێزبكەن.

با بە ویژدانەوە قسەبكەین كام حیزب و ڕێكخراوەی كە لەحیزبی شیوعی عێراق و حیزبی كۆمۆنیستی ئێران و كۆمەڵەكان و حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی ئێران و حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق جیابونەوە و حیزبی یان دامەزراندووە دەتوانن تەنها هەزار كەس بهێنە سەر شەقامەكان لەیەک شاری وەک سلێمانی و هەولێر و دهۆک و لەندەن و پاریس و واشنتۆن و سنە و مهاباد و كرماشان و تاران و بەغداد. چاوەكەم كێشەی ئەساس بەجیابوونەوە ناكرێت هەموو ئەوانەی كە لە ڕابردوو جیابوونەتەوە لەو حیزبانە نوسیویانە بڵاویان كردۆتەوە كە ئێمە باشتر دەتوانین كاریگەری دابنێین، بەڵام خۆت دەی بینی بارودۆخی بزوتنەوەی كۆمۆنیستی لەئێستادا چۆنە خەڵكی كرێكارو زەحمەتكێش و فەرمانبەر و مامۆستا لە دۆڵێک ناڕەزایەتی دەردەبڕێت و هاوار دەكات بۆ بەدیهێنانی ماف و ئازادی و بەرابەری حیزبە چەپ و كۆمۆنست و شیوعی یەكانیش لە دۆڵێكی تر سیاسەت دەكەن بە پەرتەوازەی و جۆری گۆشەگیرێكی تەواو.

بزوتنەوەی كۆمۆنیستی لەم بارودۆخەدایە كە كەمترین كاریگەری لەسەر كۆمەڵگە هەیە، ئەگەر باسی باشووری كوردستان و عێراق و ئێران بكەین ناڕەزایەتییەكان زۆر بەهێزن و بە دیلە ناسیۆنالیستی و ئاینی و بۆرژوازی و سەرمایەدارییەكان توشی ركود و تێكشان بوون خەڵک لەچاوەڕوانی هێزی تازەو بەدیلی تازە دایە، بەبڕوای من پێویستی بە گەشەدان بە بەدیل و نەخشە ڕێگای كۆمۆنیستی یە بۆ چارەسەری كێشە قەیرانەكان، بەڵام بەجیابوونەوە نا بەڵكو بە فشار خستنە سەر ناوخۆیی دەروونی حیزبە كۆمۆنیستییەكان بۆئەوەی كاربكەن لەسەر نەخشە ڕێگایەكی هاوبەشی بەدیلی كۆمۆنیستی بۆ چارەسەری كێشە و قەیرانەكان. ئەوە ڕاستە لە وڵاتانی ئەوروپا و وڵاتانی پێشكەوتوو جیابوونەوە لە حیزبە چەپ و كۆمۆنیست و سۆشیالست و سۆشیال دیموكراتەكان ڕوودەدات و ڕووی داوە، بەڵام هەرگیز وەكو وڵاتانی عێراق و ئێران نییە.

هاورێیان كە نەتواندرێت لەناو حیزبێكدا بیروباوەڕی جیاواز كۆبكرێتەوە ئەی چۆن ئەتواندرێت لە ناو كۆمەڵگەدا بیروباوەرە جیاوازەكان بەلای خۆی كێش بكات؟!.باشترین چارەسەر پێویستە هاوڕێیانی وشیار و بەئاگا بە خستنەڕووی نەخشە ڕێگای چارەسەر بە دروستكردنی فشار بۆ سەر سەركردایەتی حیزبە كۆمۆنیستەكان ئەو بەستەڵەكە بتوێندرێتەوە كە لەجیاتی هاتنە دەرەوە و حیزب دروستكردن، سەرۆک و سكرتێر و مەكتەب سیاسی و سەركردایەتییەكان بگۆڕدرێت بە گەنج و لاوی چالاكتر لە كوڕان لە كچان. بزوتنەوەی كۆمۆنیستی بخرێتەوە ناوهەناوی ناڕەزایەتییەكانی خەڵكی عێراق و باشووری كوردستان، گەنجان و لاوانی ئازادیخوازو كۆمۆنیست جێگەی مەلاكان وكەسایەتییە بۆرژوازی‌ییەكان بگرنەوە بۆ نوێنەرایەتیكردنی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانە جەماوەرییەكانی شار و شارۆچكەكان لە داهاتوێكی نزیكدا.

بە دڵنیاییەوە ئەگەر كۆمۆنیستەكان دەست بە تێكۆشانی هاوبەش و یەكگرتوانە بكەن لەسەر جێبەجێكردنی نەخشە ڕێگایەكی هاوبەش سەركەوتوو دەبن و دەتواندرێت

بۆ لاپەرە ۱۱



# سەردەشتەکانی نەوشیروان مستەفا یاخود سەردەشتەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

## نووسینی: شوان عەزیز



(لە پەراوێزی بوچوونی چەند هاورێییەکدا کە پێیان وایە ئەگەر نەوشیروان موستەفا نەبایە ئەو کارە لە بەرامبەر کۆمۆنیستەکاندا ئەنجام نەدەدرا )

چاوخشاندنەوەیەکی زۆر کورت بە ڕابردوودا:

یەکیەتی نیشتیمانی کوردوستان دەی گوت حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی داوای جیابونەوەو سەربەخۆیی کوردوستان دەکات. ئەمەش یەکریزی گەلی عێڕاقی خۆشەویستمان تێکدەداو خاکەکەشی پارچە پارچە دەکات. یەکیەتی نیشتیمانی دەی گوت حیزبی کۆمۆنیست داوای یەکسانی ژن و پیاو دەکات و داوای هەمواری یاسای باری کەسایەتی دەکات، ئەمەش لەگەڵ داب و نەریتی کوردەواریدا نایەتەوەو پێویستە حیزبی کۆمۆنیست لەسەر ئەمانەو چەندین شتی تری یاسا شکێنی دادگایی بکرێت. ئەوەبوو ئەوکات لەسەر داخوازی کۆماری ئیسلامی ئێران یەکیەتی نیشتیمانی کوردوستان نەوشیروان موستەفای ڕاسپارد کە هیچیتر ڕێگا بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی نەدات کاری سیاسی بکات. هەرچەندە مێژوو دەریخست کە ئەوشتانەی یەکیەتی حیزبی کۆمۆنیستی پێ تاوانبار دەکرد هەر خۆشیان لە ٢٥-٩-٢٠١٧دا هەمان داوای جیابوونەوەیان لەعێڕاق لە ڕێگەی ڕیفڕاندۆمەوە نیشاندا. لە ئەنجامیشدا نیوەی خاکی کوردوستانیان لەدەستدا.. هەروەها مێژوو ئەوەشی دەرخست کە زۆرینەی خەڵکی کوردوستان لەگەڵ ئەوشتانەبوون کە یەکیەتی حیزبی بە هۆیانەوە دایە دادگاو شەڕیشی پێ فرۆشت. بۆ نموونە لە ڕیفڕاندۆمدا زۆرینە دەنگی بەجیابوونەوەدا. حیزب بە هەموو شێوەیەک خۆی لەشەڕو ڕوبەڕوبەڕوبونەوەی چەکداری لەگەڵ یەکیەتی دا دەپاراست، بەڵام هەموو ئەو هەوڵانەی کە هاورێیانی سەرکردایەتی حیزب دایان لەگەڵ سەرکردایەتی یەکیەتی بێهوودە بوون و سەرنجام یەکیەتی شەڕەکەی هەر سەپاند بەسەر حیزبدا. تەواوی بەڵگەکان لەو ڕووەوە، من دڵنیام، لە ئەرشیفی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا پارێزراون.

ئەوەبوو لە ١٤-٧-٢٠٠٠دا یەکیەتی نەوشیروان موستەفای ڕاسپارد کە خواستەکەی کۆماری ئیسلامی ئێران جێبەجێ بکات. ئەوە بوو لە ئەنجامدا ئەو کۆمەڵە هاورێییەی حیزبی کۆمۆنیستیان تیرۆرکرد و تەواوی بارەگاکانی سەر بەحیزبیشیان داگیرکردن و چالاکی ئەو حیزبەشیان لە ناوچەی زۆنی سەوزدا بۆ ماوەیەک قەدەغە کرد. وا من بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو پێشینە مێژووە برگەیەک لە نووسینەکەی هاورێ تاهیر حەسەن دەهێنمەوە لە نووسینێکیدا بە ناوی: "لە ساڵیادی ١٤/٧/٢٠٠٠دا: نەوشیروان مستەفا ڕۆیشت و قەرزەکەی نەدایەوە!!" کە لەسایتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردوستاندا بڵاو کراوەتەوە لەبەشی بەڵگەنامەکاندا. هاورێ تاهیر دەڵێت"حەڤدە ساڵ لەمەوبەر لەسەر داوای جمهوری ئیسلامی ئێران و بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی "نەوشیروان مستەفا" دوای زیاتر لە دوو هەفتە گەمارۆدانی سەربازیی بارەگاکانی کۆمیتەی ڕابەری و کۆمیتەی سلێمانی و بارەگای ڕادیۆی حزب و بڕینی ئاو و کارەبا و تەلەفۆن و دەستگیرکردنی زیاتر لە ١٠٠ کەس لە هاوڕێیان و دۆست و هەوادارانی حزب، سەرەنجام لەم ڕۆژەدا و دروست لەو چرکەساتەدا کە ئێمە لەگەڵ "نەوشیروان مستەفا"دا لە گفتوگۆدا بووین، هێرشی سەربازییان بۆسەر حزب دەستپێکرد و بەڕۆژی ڕوناک و بەپێش چاوی خەڵکەوە و لەناو جەرگەی شاری سلێمانیدا، پێنج هاورێی دلێر لەهیوای ئێمەیان گوللەباران کرد!!هێشتا خوێنی هاورێیانمان وشک نەببووەوە، کە "ڕەمەزانزادە"ی پارێزگاری ئەوکاتەی شاری سنە، بە "محمدی حاجی محمود"دا سوپاسنامە و دەستخۆشی جمهوری ئیسلامی بۆ تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا نارد و ڕۆژنامەی "کەیهان"ی چاپی تارانیش بڵاوی کردەوە!!"

من نامەوێت نەوشیروان موستەفا بێبەری بکەم لەو تاوانەدا، بەڵام لە هەمانکاتیشدا ناشمەوێت کە باری یەکیەتی سووک بکەم و بیخەمە سەر شان و ئەستۆی نەوشیروان موستەفا وەکو شەخس. یەکیەتی هەر لەسەرەتاوە مەبەست و ئاواتی ئەوە بووە کە ئەم تاوانە ڕاستەوخۆ بخرێتەسەر شانی کاکە نەوە!! بە قەولی خۆیان، و لە هەمان کاتدا ئەستۆپاکی خۆیانی تێدا نیشان بدەن. تەنانەت تێرمی سەردەشتەکانی نەوشیروان موستەفا لە داهێنانی دەزگای ڕاگەیاندنی یەکیەتی خۆی بوو کە بڵاویان کردەوە لە کاتی لێکترازانی تەواوەتی (کاکە نەوە) کەیان لە خۆیان. دیارە ئەوەی کە یەکیەتی دەیکات یاریەکی قێزەونی سیاسسیەو بە بەردێک دەیەوێت چەندین چۆلەکە بپێکێت. ئا لێرەدایە کە چەندین لە هاوڕێیان لە نووسین و بۆچوونەکانیاندا بێئاگاو هەندێک جارانیش بە ئاگایی لە سەنگەرێکدا تەقەدەکەن کە یەکیەتی هەڵیکەندووە بۆ بەرەنگاری لەخۆی لە لایەکەوەو لە لایەکی تریشەوە تا زیاتر کاکە نەوەکەی جارانیان و نەوشیروان موستەفاکەی گۆڕانی ئێستای پێ تۆمەتبار بکەن..

بە بڕوای من نەوشیروان موستەفا بە مانای یەکیەتی بووەو یەکیەتیش بە مانای نەوشیروان موستەفا بووە. تێکەڵاوو لێکدراوی یەکتربوون لەدیدو بۆچوون و بەرژەوەندیدا. بۆ نموونە هەر ئەم ساڵ لە یادی بیرەوەری یەک ساڵەی کۆچی دوایی نەوشیروان موستەفادا ئەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی یەکیەتی نیشتیمانی کردیان بۆ کاکە نەوە! بە تایبەتی کەناڵی کوردسات، خودی کەی ئێن ئێنی بزوتنەوەی گۆڕان نەیتوانی بیکات. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی یەکیەتی بەشانازیەوە مێژووی نەوشیروان موستەفایان بە مێژووی یەکیەتیەوە گرێدایەوە وجێگەی شانازی و سەربەرزیشە بۆیان. کەواتە نەوشیروان موستەفا بە مانای یەکیەتی دێت وە هەروەها وەکو یەکیەتیش کارەکانی کردووە نەک وەک نەوشیروان موستەفا.

بە بڕوای من چاونوقاندن لە یەکیەتی وەک تاوانباری سەرەکی و بازدان بۆ نەوشیروان موستەفا لەو تاوانەدا وەک و ئەوەوایە کە لە کیمیابارانی هەڵبەجەدا تەنیا ناوی تاریق ڕەمەزان بزانین و لە پرۆسەی ئەنفالیشدا بچین تەنها لۆمەی جاش و موستەشارەکان بکەین و حیزبی بەعس و سیستەمە سیاسیەکەی ئەوکات نەبینین. لۆجیک ئەوەیە کە تاوانباری سەرەکی لەو تاوانانەدا سیستەم و حکومەتەکەی بەعس بووە کە سەدام حوسێن ڕابەرایەتی کردووە. بەڵام دیسان ئەوە بەو مانایە نایێت کە دارو دەستەکەی ئەو سیستەمە بێبەری بن. هەرکەسەو بە پێی خۆی تاوانبارە. چونکە ئەگەر بێت و تاوانبار تەنها یەک کەس بێت ئەوە ئیتر تاوانکاری هەر لە زیادبووندا دەبێت و بکەرانی ڕاستەوخۆی تاوان هەمیشە تاوانەکان دەخەنە ئەستۆی سەرووی خۆیان و خۆیانیش وەک فەرمانبەرێکی ئاسایی کە فەرمانی سەرووی خۆیانی جێبەجێکردووە نیشان دەدەن. لە کۆتاییشدا وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن.. من ئەمەم نەگەرەکەو بۆ ئەو مەبەستەش ئەمە نانووسم.

بە بڕوای من ئەو بوچوون و دەربڕینانە تەنها ئەنتی کەسین و سەرچاوەو سیستەمێکی گەورەتر لە شەخس یا درک پێ ناکەن یا بە مەبەستەوەیە. سەرەنجامیش هیچ سوودێک بەو کەیسە ناگەیێنن، بەڵکو لە باتی بوونی دوژمن و سەرچاوەیەک بۆ ئەو کارەساتە، دێن بە بێ ئاگایی چەندین دوژمن و سەرچاوە دروست دەکەن. لە ئەنجامیشدا کاری حیزب قورستر دەبێت و لەباتی یەک لایەن ئەوانە دێن حیزب ڕووبەڕووی چەندین لایەنی تر دەکەنەوە لەو کەیسەدا. لە کاتێکدا کە تەواوی بەڵگەکان ئەوە نیشاندەدەن کە ئەوە یەکیەتی بووە ئەو کارەی کردووەو نەوشیروان موستەفا تەنها بەرپرس و فەرمانبەرێکی یەکیەتی بووە کە جەلال تاڵەبانی ڕابەرایەتی کردووە.

ئاخر دیسان ناکرێت بچین یەخەی بەراز بگرین بڵێین ئەگەر بەراز نەبوایە ویداد حوسێنی ڕۆژنامەنووس ئێستا لەناوماندا دەبوو. یاخود بڵێن کە ئەوچەکدارە نەبوایە کە سۆرانی مامەحەمەی لەبەردەرگای ماڵی خۆیان تیرۆر کرد ئێستا سۆران هەر بەردەوام دەبوو لە شت نووسین بۆ گۆڤاری لڤین.! یاخوود بڵێین ئەو چەند چەکدارەی کە کاوە گەرمیانیان لەباوەشی دایکیدا خەڵتانی خوێن کرد کە ئەوان ئەو کارەیان ئەنجام نەدایە ئەوا ئێستا کاوە لە گەڵ کورەکەیدا گەمەی دەکردو هەر بەردەوامیش دەبوو لە بڵاوکردنەوەو ئاشکراکردنی دزو جەردەو گەندەڵکاران!!. ئیتر ڕۆژنامەنووس و ڕابەرانی کرێکاری و کۆمۆنیست و نووسەرو چالاکوان و خەڵکی ناڕازی ئەوەندە زۆرن کە هەر بەشێوەی سەردەشت و سۆران و کاوەکان تیرۆر کراون. هەمووشیان هەر لەژێر سایەو دەسەڵاتی ئەو سیستەمە سیاسیەدا خەڵتانی خوێن کراون کە ئەو پۆلە کۆمۆنیستەی تێدا تیرۆر کران. بۆ هەندێکیشیان بەهانەو کەیسی وایان داتاشی کە مێژووی پاک و بێگەردیشیان تیرۆردەکەن.!! وەک کە بۆ سەردەشت دایان تاشی کە گوایە دەستی لەگەڵ گروپی تیرۆریستی داعش تێکەڵکردووەو ئەوان تیرۆریان کردووە.

من دەمەوێت ئەوە بگەێنم کە لیرەدا سیستەم و دەسەڵاتێک هەیە و بۆچەندین ساڵە دەسەڵاتی بەدەستەوەیەو تەواوی خەڵک شارەزایەتی. ئەو دەسەڵات و سیستەمە لە ناوەڕۆکدا یەکەو هاو ئامانجەو لە ڕواڵەتیشدا خۆی کردووە بە دوو شێوەی جیاواز لە وێنەی زۆنی زەردو زۆنی سەوزدا. یان بە واتایەکی تر لەوێنەی یەکیەتی نیشتیمانی کوردوستان و پارتی دیموکڕاتی کوردوستاندا. کە هەر یەکەیان بەچەندین شێوازی جۆراوجۆر خەڵکەکەشیان دابەشکردووە بەسەر ئەو دوو زۆنەدا. وە وایان لەخەڵک گەیاندووە کە دوو زۆنی جیاوازن لە بیرکردنەوەو ئامانجدا. لە ڕاستیدا مێژوو دەری خستووە کە ئەو دەسەڵاتە بە زەردو سەوزیەوە یەک جۆری دەسەڵاتیان بەسەر خەڵکی کوردوستاندا سەپاندووە. لە هەردووک زۆنەکەدا سەردەشتەکان تیرۆرکراوون و تەنانەت شێوەی تیرۆرکردنەکەش زۆر جاران لە یەک چووە. ئەگەر ئەو شتە وانییەو کەسانێک هەن پێیان وابێ کە یەکیەتی باشترە لە پارتی یان بە پێچەوانەوە پارتی باشترە لە یەکیەتی بابێن سڵ نەکەنەوەو نموونەم بدەنێ. با پێم نیشان...

بۆ لاپەرە ١١

بۆپێشەوە
FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# هەواڵی نارەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان

## ئامادەکردنی: شوان عەزیز و ئاراس رەشید

### حکومەتی (میسر) دەستیکردووە بە گرتن و سزادانی ڕۆژنامەنووسان



ڕۆژنامەنووسێکی سەربەخۆ لە وڵاتی میسر ١٠ ساڵ سزای زیندانیکردنی بەسەردا سەپێنرا. ئیسماعیل ئەلێکسەندەرانی کە توێژەرو لێکۆڵەرو هەروەها ڕۆنامەنووسێکی سەربەخۆ بوو لە میسر، لەلایەن دادگاوە ١٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنرا. بەو هۆیەوە فیدراسیۆنی سەرتاسەری ڕۆژنامەنووسانی جیهان (ئای ئێف جەی) ئیدانەی ئەو سزادانەیان کرد.

دادگای سەربازی بۆ تاوانەکان لەبەشی باکووری شاری قاهیرە لە ڕۆژی ٢٢-٥-٢٠١٨دا سزاکەی سەپاند بەسەر ئەو ڕۆژنامەنووسەدا. بەهانەی دادگا ئەوەبووە کە ئەو ڕۆژنامەنووسە هاتووە نهێنیەکانی بەشی سەربازی بڵاوکردۆتەوە و دوایش چووەتە ناو ڕێکخراوی برایانی موسڵمانەوە (ئیخوان موسلمین).

**لەو بارەوە ڕێکخراوی سەرتاسەری ڕۆژنامەنووسانی جیهانی نیگەرانی خۆی نیشانداوەو ڕایان گەیاند کە ڕۆژنامە نووسان لە میسر ناتوان ئازاد بن و ناتوانن پیشەکەی خۆیان بە ئازادانە مومارەسە بکەن.**

خەدیجە غەفار، هاوسەری ئەو ڕۆژنامەنووسە، بە میدیاکانی ڕاگەیاند کە پێشتریش لە ساڵی ٢٠١٥دا ئەو ڕۆژنامنووسە لە فرۆکەخانەی هورغادە لە میسر گیراوە لەکاتی گەڕانەوەی لە ئەڵمانیاوە بۆ قاهیرە. ئەو وتی ئیسماعیل لە ئەڵمانیا بووە بۆ بەشداری لە کۆنفرانسێکدا لە شاری بەرلین کە لەو کۆنفرانسەدا موحازەرەیەکی لەسەر دۆخی میسر پێشکەش کردووە.

لەو بارەوە تاریق عەبدول عال، پارێزەری ڕۆژنامەنووسەکە، دەڵێت ئیسماعیل زیاتر لە دوو ساڵ پێش دادگایی کردنی دەستبەسەر بووە. ئینجا دوای دادگاییکردنی لەلایەن دادگای سەربازیەوە ١٠ ساڵی تریشی بەسەردا بڕایەوە. هەروەها ئەو پارێزەرە دەشڵێت کە ئیسماعیل تایبەتمەندی **گرووپە ئیسلامیەکان و بیابانی سینای** هەبووە. واتە پسپۆڕیەکەی لەو بارەوە بووە.

خالّی سەرەکی کە ئیسماعیلی ڕۆژنامەنووسی پێ تاوانبارکراوە ئەوەیە کە ئیسماعیل ئاساییشی نیشتیمانی میسری خستۆتە خەتەرەوە. چونکە ئەو هاتووە شتە نهێنیەکانی بەشی سەربازی بڵاوکردۆتەوە لە دواییشدا چۆتە ناو ڕێکخراوی برایانی موسڵمانەوە لە کاتێکدا ئەو ڕێکخراوە کاری سیاسی لێ قەدەغە کراوە لە وڵاتی میسر.

جێگەی باسە کە ئیسماعیل ئەلەکسەندەرانی بابەتی لەوبارە بۆ ئەو ڕۆژنامە و شوێنانە ناردووە و بڵاوی کردۆتەوە. بۆنموونە: لیمۆند دیپلۆماتیک، جەدەلیە، سەفیرو چەند شوێنێکی تر کە بە ڕەخنەگرێکی دیار ناویان بردووە..

### ترەمپ هەنگاو دەنێت بەرەو ئاسانکاری بۆ دەرکردنی کرێکارانی فیدراڵی !!

لە هەندێک سەرچاوەی وەک ئەسۆسیەیتت پرێس، فاینانشڵ پۆست و نیویۆرک تایمز ئەوە بڵا کرایەوە کە دۆنەڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا، هەنگاو بەرەو ئەوە دەنێت کە ئاسانکاری بکات بۆ دەرکردنی کرێکارانی فیدراڵی. !بەپێی ئەو سەرچاوانە سەرۆکی ئەمەریکا ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٥-٥-٢٠١٨ ئیمزای لەسەر سێ بڕیار کردووەو ئامادەن بۆ جێبەجێکردن. ئەو بڕیارانە بۆ هەموارکردن و چاکسازین لە بیرۆکراسیەتی فیدراڵیدا بۆ ئاسانکردنی دەرکردنی کرێکارانی فیدراڵی، ئەوەش گوایە لەبەر لاوازی ئەدای کارکردنیان و خراپی مامەڵەیان لە ئاراستەکردندا.. ئەو بڕیارانە داوا دەکەن لە ئیدارە و لایەنی بەرپرس کە هەوڵی باشتر بدەن بۆ گرێبەستی سەندیکایی باشترو سنووریش دابنرێت بۆئەو کاتەی کە هەر کرێکارێکی فیدراڵی سەرفی دەکات بۆ ئەنجام دانی کارەکەی. هەر بۆیەش سەندیکا کرێکارییەکان دەستبەجێ ئەو هەنگاوەی سەرۆکی ئەمەریکایان ئیدانە و ڕەخنە بارانیان کرد.ئەندرو برێمبێرگ، کە سەرۆکی دەستەی ڕاوێژکاری سیاسەتی ناوخۆیە لە ئیدارەی ترەمپ دا، لەو بارەوە دەڵێت "ئەو بڕیارانەی سەرۆک ترەمپ ئاسانکاری دەکەن بۆ لایەنە بەرپرس و پەیوەندیدارەکان کە بتوانن کرێکارو فەرمانبەرانێک لە کارەکانیان دەربکەن کە ئەدایان لاوازەو ڕێڕەوی کارکردنیشیان درووست نییە. بۆیە دەبێت ئێمە دڵنیا بین کە پارەی لە باج وەگیراو لە شوێنی شیاو و گونجاودا سەرف دەکرێت." هەروەها ئەو گوتی کە لەمەودوا دەوڵەت زیاتر دەستی کراوە دەبێت کە بەڵێنەکانی ترەمپ لەوبارەوە بێنێتەدی لە هەموارکردنەوەی یاساکانی خزمەتگوزاری مەدەنی. هەروەها ئەو ڕاوێژکارە ئەوەشی گوت کە سەرژمێری نیشانی داوە کە زوربەی ئەو کرێکارانەی ئەدایان لاوازە پێیان وایە کە ئەو لاوازیەی ئەوان لە کارکردندا لە لایەن بەرپرسان و لایەنی پەیوەندیدارەوە باش مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت.ئەو بڕیارانەی کە ترەمپ ئیمزای لەسەر کردن لە ٢٥-٥-٢٠١٨دا لەو بارەوە ئەمانەن:

* زیرەکانەترو وشیارانەتر مامەڵە لەگەڵ سەندیکاو نوێنەرایەتی کرێکارانی فیدراڵیدا بکرێت لە بەستنی گرێبەستەکاندا. بۆ نموونە ماوەی گرێبەستەکان وا لێبکرێت کە کەمتر لە ساڵ بن.

* کەمکردنەوەو سنووردارکردنی کات لەلایەن سەندیکاو نوێنەری کرێکارانەوە بۆلە ٢٥٪ . ئەمەش تواناو کاریگەری نوێنەرایەتی کرێکاران لاوازدەکات. هەروەها دەبێت لەمەودوا کرێ وەبگیرێت لە سەندیکاکان بۆ ئۆفیسەکانیان. ترەمپ بەم بڕیارە پێی وایە سەدان ملیۆن دۆلار پاشەکەوت دەکات بۆ دەوڵەت.

* دەرکردن و لەسەرکار لادانی هەموو ئەو کرێکارانەی کە ئەدای کارکردنیان لاوازەو شێوەی کارکردنیشیان ڕێڕەوێکی درووست وەر ناگرێت. بەم بڕیارەش حەتمەن ئیدارەی ترەمپ بەهانە دەدۆزنەوە بۆ دەرکردنی کرێکاران.

### لە توونس؛ ئەوانەی بەڕۆژوونابن لە ڕەمەزاندا، خۆپیشاندان دەکەن دژ بە داخستنی چێشتخانە و قاوەخانەکان لە ڕۆژدا.



سەرلەنوێ تونس ئارگومێنت دروستبۆوە لەسەر بڕیارێکی وەزارەت کە ناوەڕۆکەکەی "داخستنی چێشتخانە و قاوەخانەکانە لە ڕۆژدا لە مانگی ڕەمەزاندا". بەو بۆنەوە پایتەختی تونس خۆپیشاندان و ڕەخنەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی لێکەوتەوە. ئەو ڕێکخراوانە ئاماژەیان بەوەدا، کە ئەو بڕیارە دژایەتی لەگەڵ دەستور هەیە و پێچەوانەی ئازادییەکانی تاکە. لە کاتێکدا، حکومەت وای دەبینێ کە پارێزگاری لە بۆنەکانی ئاینی ئیسلام دەکات، کە زووربەی خەڵکی موسوڵمانن!!.

لە ناو ئەو ڕێکخراوانەی کە ڕەخنەیان ئاراستەی حکومەت کردوە، (کۆمەڵەی پشتیوانی لە کەمینەکان، و کۆمەڵەی بیرمەندە ئازادەکان)ە، هەردوو ڕێکخراو بڕوایان وایە کە ئەم بڕیارە پێشێلکردنی مافی بنەڕەتی هاونیشتمانیانە.

**<u>( مەنشوری مزالی)</u>**

بەپێی ڕاگەیاندنێکی بزووتنەوەی بیرمەندانی ئازاد کە لەمانگی نیسان دەرکراوە، داوای پووچەڵکردنەوەی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەی کردووە کە لە ١١ی تەمووزی ١٩٨١ دەرکراوە، وە لە سەردەمی سەرۆکی لابراو زین العابدین بن علی هەڵوەشاوەتەوە.

لە ١٠ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧ دا، وەزارەتی ناوخۆی تونسی بڕیارەکەی بەگەڕ خستەوە کە بەناوی"مەنشوری مزالی"یەوە بوو، ئەوەش بەناوی وەزیری کۆچکردووە بووە(محمد مزالی)، لە سەردەمی سەرۆکی کۆچکردوو الحبیب بورقیبة.

لەگەڵ ئەو ڕاگەیاندنەدا کەمپێنی (نا بە شمشێر) یان (بەزۆر نابێ) لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەستیپێکرد. چالاکوانان سەرکۆنەی ئەو بڕیارەیان کرد و گوتیان ئەوە هێرشکردنە بۆ سەر ئەوانەی بە ئاشکرا بەڕۆژوو نابن.

**<u>داهێنان لەلایەن وەزیری ناوەخۆ</u>**

هەواڵی ئەڵمانی ئەوەی گواستەوە لە لایەن حتم الامام، سەرۆکی کۆمەڵەی بیرمەندانی ئازاد" یاسایەک نییە کە سزاکان ڕێکخات دژ بەوانەی بەڕۆژوو نابن، بەڵام وەزیری ناوخۆ داهێنانی کردوە لەو مەنشوورە و نارازییە و دژایەتی هەیە لەگەل دەستوور". ئەوەشی زیادکرد" مەنشوورەکە، ئازادی کەسەکانی پێشێلکردووە و دژایەتی هەیە لەگەڵ ژیانی ئاسایی کەس. ئێمە لەهەوڵی پێشکەشکردنی داواکاریەکانین بۆ دادگای ئیداری بۆ تانەدان لەو بڕیارە".

وەزیری ناوەخۆ لوتفی براهیم، لەلای خۆیەوە گوتی" ئامانج لەو مەنشوورە پاراستنی بۆنەی زووربەی خەلکی موسوڵمانە لە وڵات، هەروەک پاراستنی بۆنەی کەمینەی جوولەکە بۆ گرتنی ئاهەنگەکانی ساڵانە لە دورگەی جربە دەرکرا".

### ٦٠ پارتی چەپ لەسەرتاسەری فەرەنسا دژ بە سیاسەتەکانی ماکرۆن خۆپیشاندان دەکەن.

لەسەر داوای ٦٠ پارتی چەپ و ڕێکخراو و نەقابە لە فەرەنسا، ڕۆژی ٢٦/٥/٢٠١٨ دەیان هەزار کەس هاتنە سەر شەقامەکان لە فەرەنسا، بۆ وەستانەوە بەدژی سیاسەتەکانی سەرۆکی فەرەنسا ئیمانۆئیل ماکرۆن، کە بۆ ماوەی ساڵێکە لە دەسەڵاتە. خۆپیشاندەران دوای نیوەڕۆ لەڕۆژهەڵاتی پاریس کۆبوونەوە، هەروەک نارازیانیتر لە شارەکانی دیکەی فەرەنسا. سەرۆکی پارتی چەپی ڕادیکالی فەرەنسی جان لۆک میلانشۆن ڕایگەیاند "ئەم خۆپیشاندانانە دەبێ ببنە نارەزایەتی گەورە لە دژی ماکرۆن". میلانشۆن لە خۆپیشاندانی ماسیلیای باشووری وڵات بەشداری دەکات.

بەڵام ماکرۆن ڕۆژی هەینی لە سانبەتربۆرگ ڕایگەیاند کە "ئەوە ڕایناگرێت"، ئەوەشی




زیادکرد" گوێگرتن لە خەڵک، مانای ئەوە نییە ببیتە یاری بەدەست ڕای گشتی، من بەپێی ڕاپرسی و ڕای گشتی و خۆپیشاندانەکان حکوم ناکەم".

ئەمینداری گشتی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی بیار لوران کە خۆپیشاندانەکانی پاریس بەشداری کرد گوتی" ئەگەر وڵات هێزی خۆی لەبەرامبەر ئەم دەسەڵاتەی کە بەم پلەیە سەرکوتگەرە خۆی نیشاندەدات نەوەستێتێتەوە، ناتوانین مەسەلەکان بجولێنین"، هەرەوها" تووڕەیی جەماوەری لە هەڵکشاندایە".

چاکسازیەکان هەموو لایەنەکانی گرتۆتەوە (یاسای کار وفەرمانبەران و هێڵی شەمەندەفەر و زانکۆکان) لەسەر پشتی هەندێک توێژی جەماوەر.

# لە گۆشەیەکی ترەوە

**پرس و ڕای هەفتانە، گۆشەیەکی هەفتانەیە کە هاوڕێ مزەفەر عەبدوڵا دەینووسێت، بۆپێشەوە هەر دوو هەفتە جارێک، باسێک یان چەند باسێکی بڵاودەکاتەوە...لەم گۆشەیەدا "بۆ نابێت خەڵک هیچ ئومێد و چاوەڕوانییەکیان لە حکومەتی داهاتوی عێراق هەبێت؟...دەخوێننەوە**

ئێستا نزیک بە دوو هەفتە بەسەر گاڵتەجاری هەڵبژادنی پەرلەمانی عیراق تێپەڕبووە. بەپێی هەواڵەکان لیستی سائیرون، کە موقتەدا سەدر سەرۆکایەتی دەکات، زۆرایەتی دەنگەکانی هێناوەو بووە بە لیستی براوە بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو. وەک ئاشکراشە لیستی سائیرون جگە لە تاقمی سەدر کۆمەڵێک دەستەو لایەنی تری تێدایە، لەوانە حزبی شیوعی عیراقیش کە تاکە لایەنێکی سیاسییە بانگشەی چەپ و سکویلاریزم و ئازادیخوازی دەکات و، لەمبارەیەشەوە مێژوویەکی دێرینی هەیەو نکوڵی لێ ناکرێت.

شایانی ئاماژەیە کارنامەی موقتەداو تاقمەکەشی وەک تاقمێکی میلیشایی و شیعەگەرا لای ڕای گشتی، بە تایبەتی بەرەی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی، ئاشکرایە کە یەکێکە لە دەستەو تاقمە لۆمپەنەکانی گۆڕەپانی شەڕو کوشتارو سەرکوت و کۆنەپەرستی ئیسلامی لە عێراقدا.

هەرچەند ئەم بەشدارییەی حزبی شیوعی کەوتە بەر ڕەخنەو ناکۆکی زۆرێک لە ئەندامانی لەسەرەوەو خوارەوەو لایەنگرانی و، بەرەی چەپ و ئازادیخوازییەوە، بەڵام هیچ گومان لەوەدا نییە ئەگەر پێیان وابێت کە هاوپەیمانیان لەگەڵ ڕژێمی بەعس و هەڵەیەکی سیاسی گەورە بووە، ئەوە ڕۆژێکش دێت ئەم هاوپەیمانییەشیان لا هەڵەیەکی سیاسی گەورەیە دەبێت.

بەهەرحاڵ ئەوە چەند ڕۆژێکە سەرانی لیستی سائیرون، لە پێشیانەوە سەدر بە سنگ دەرپەڕاندنەوە، کەوتوتە هاش و هوش و بەڵێندانی بەدرۆ. هەر لەبەڵێن لە گۆڕانکاری و چاکسازی بە قازانجی خەڵکییەو تا دەگاتە بەڵێنی ئاشکراکردن و دەسگیرو دادگاییکردنی گەندەڵکاران و تاوانباران و سەپاندنی یاسا لەسایەی حکومەتی تەکنۆکرات. هەتا وەدەرنانی ئەمریکاو ڕژێمەکانی ناوچەکەو ڕیگاگرتن لە دەخاڵەتی هیچ دەوڵەتێک بۆ کاروباری عیراق و پاراستنی سەروەری عیراق.

بێگومان ئەمەش وەک هەمو سەرانی دەستەو تاقمەکانی تری پێش خۆی تا جێگیرکردنی پایەکانی دەسەڵاتی خۆی پێویستی بەم وەعدو بەڵێنە درۆزنانەو ڕیاکارییە هەیە.

بەڵام خالی سەرنجراکێش لە پاڵ هەموو ئەم بەڵێنانە بۆ چاکسازی و گۆڕانکاری و باشکردنی وەزعی خەڵکو سەروەری یاساوە دەبینین سنگە دەرپەڕیوەکەی کردۆتەوە بۆ پێکهینانی حکومەت لە هەموو لایەنەکانی بەشدار لە هەڵبژاردن و بڕیاری داوە دڵی هیچ لایەنێک نەشکێنێت. ئیتر هەر ئەمە هەموو بەڵێنەکانی بۆ چاکسازی بە قازانجی خەڵک بەدرۆ دەخاتەوە.

جا هەموو ئەم قسەوباسوو پەیمان و بەڵێنانە دوای پێکهیانی حکومەت بۆتە جێگای پرس و ڕاو هەواڵی سەرەکی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕای گشتی و بەشێکی خەڵکیان لە ئومێدو چاوەڕوانیدا ڕاگرتووە.

بۆیە پرسیاری سەرەکی و گرینگ لێرەدا ئەوەیە بۆ نابێت خەڵک هیچ چاوەڕوانییەکیان لەو حکوتە هەبێت کە لە داهاتودا بڕیارە پێک بێت، بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە بەشداری دەنگدانیان بە ئومێدو چاوەڕوانی باشبوونی وەزعیان، کردوە؟!

زۆر بەڵگە هەیە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە کە بۆ نابێت خەڵک هیچ ئومێدو چاوەڕوانییەکیان لەو حکومەتە هەبێت کە لە ئاکامی ئەم هەڵبژاردنەوە پێک دێت. وە ئەو حکومەتەش هەر هەمان ناوەڕۆکی حکومەتە ئیسلامی و تایەفی و قەومییەکانی ڕابردوی دەبێت.

بەڵگەکان هەر پەیوەستە بە خودی ئەم هەڵبژاردنەو لایەنەکانی بەشدارو ئەو هەلومەرجە تایبەتییە کە ئەم هەڵبژاردنەی تیا بەڕێوە چوە. لەمبارەیەوە پێویستی بە لێکدانەوەو شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی زۆر بۆ بارودۆخی سیاسی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانی و ئاڵوگۆڕ لە هاوکێشە سیاسییەکان ناکات.

ئەو بەڵگانەش ئەمانەن:

بەڵگەی یەکەم: ئەوەیە کە لە گۆشەنیگای مارکسیستی و بەرژەوەندی سیاسی چینایەتی کرێکاران و جەماوەری ستەمدیدەوە، هەڵبژاردنی پەرلەمانی و سیستەمی پەرلەمانی بە گشتی، کە تەعبیرە لە شێوازی دەسەڵاتی چینی بۆرژوازی و سیستەمە سەرمایەدارییەکەی، هەتا پاکترین و دیموکراتترینیان لە سکویلارترین دەوڵەتیش، ناتوانێت نەک هەر ئازادی و یەکسانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دادپەروەری تەواو دەستەبەر بکات، بەڵکو ناتوانێت جیاوازییە چینایەتی و سیاسییەکان و گیروگرفتەکان تا ڕادەیەکی کەمیش کەمکاتەوە. ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە خودی هەڵبژاردنی پەرمانی و حکومەتی هەڵبژێردراو و دادوەرییەکەی، کە سێ پایەکەی ڕاوەستان و پاراستنی سیستەمی سەرمایەدارییە، هەرگیزاو هەرگیز ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری تەواو لە سایەیدا دەستەبەر نابێت.

بەڵگەی دووەم: ئەوەیە کە دەسەڵات و دەوڵەتیک ڕێساو یاساکانی بە فەرمی لەسەر بنەمای ئایین و تایەفەو نەتەوەو قەوم و خێڵ و ..هتد دامەزرا بێت، وەک عێراق و زۆر وڵاتی تری هاوشێوەی، هەرگیز ناتوانرێت دەزگای پەرلەمان و حکومەت و دادوەری دیموکراسی لەسایەیدا دامەزرێت. هەر بەم هۆیەشەوە هەرگیز ناتوانرێت هەڵبژاردنی پەرلەمانی پاکوخاوین و ئازادانە، بە پێوەرە بۆرژوا لیبرال و سۆشیال دیموکراسییەکەی بەڕێوە بچێت. یانی کاتێک حزبێک یان کۆمەڵە حزبێکی دینی و تایەفی و قەومی و خێڵەکی، میلیشایی یان میلیتاری، دەسەڵاتدار بن ناکرێت و ناتوانرێت هەڵبژاردنی ئازادانە لە سایەیاندا بەڕێوەبچێت. خۆ ئەگەر بەڕێوەش بچێت ئەوە شتێکی ڕواڵەتی و ڕوکەشیانەو ناوەرۆک بەتاڵە. تەنها بۆ شاردنەوەی ناوەڕۆکی دەسەڵاتە سەرکوتگەری و کۆنەپەرستیەکەی خۆیانە. نمونەی ئەمانە هەموو ئەو هەڵبژاردنانەیە کە لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و زۆربەی ئەفریقا بەڕێوەدەچێت.

بەڵگەی سێهەم: ئەوەیە کە هەمو ئەو هەڵبژاردنانەی لە ساڵی ۱۹۹۱وە لە کوردستان و لە ۲۰۰۳ لە عێراقدا بەڕێوەچووە ئەگەرچی، بەناوی هەڵبژاردنی پەرلەمان و بۆ پێکهێنانی حکومەتی هەڵبژێردراو دەزگای دادوەرییە، بەڵام نەک هەر ناچنە خانەی هەڵبژاردنی ئازادانەو دیموکراسییەوە، بەڵکو جگە لە شانۆگەرییەکی کۆمیدی زیاتر هیچی تر نییە. چونکە لە سایەی هەلومەرجێکدا بەڕێوەدەچێت ئیتر نەک هەر دەسەڵات و دەوڵەتێکی هاوچەرخ و سکویلارو دیموکراسی بوونی نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە کۆمەڵێک دەستەو تاقمی چەتەو ڕێگرو چەقوکیش و مافیایی چەکدارن. ئەمانە چونکە لە سایەی شەڕو داگیرکاری و وێرانکاری و کوشتوبڕ هاتونەتە سەر دەسەڵات بۆیە بچوکترین بوار نییە تا هەڵبژاردنی ئازادی تیا بەڕێوە بچێت.

بێگومانە هەمو سەرانی ئەم دەستەو تاقمانەو نوسەرو ڕۆشنبیرەکانیان باش ئەم بەڵگەو ڕاستیانە دەزانن، بەڵام ئەوان بۆ شەرعیەتدانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی تەفرەدانی ڕای گشتی پێویستیان بەم بەناو هەڵبژاردنانە هەیە.

جا کە بەشێکی کەم یان زۆر لە خەڵکی بێبەش و ستەمدیدە بەشداری دەکەن و دەنگدەدەن ئەوە یان بەهۆی گوشارە ئابوری و سیاسییەکانی دەسەڵاتدارانەوەیە یاخود بەهۆی خۆشخەیاڵی و ئومێدو چاوەڕوانی بێهودەیە بۆ بچوکترین گۆڕانکاری و باشبوونی ژیان و گوزەرانیان بەشداری دەکەن و دەنگ دەدەن.

بێگومان ئێمەش ڕوی ڕاوقسەمان لەو کەسانەیە. لە کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدە کە نابێت بەشداری لەم شانۆگەرییە گاڵتەجاڕییە بکەن. وە ناشبێت هیچ ئومێدو چاوەڕوانییەکیشیان هەبێت لەو حکومەتەی کە پێک دێت تا کەمترین چاکسازی بە قازانجیان بکات.



بەڵگەی چوارەم: ئەوەیە ئەم هەڵبژاردنەی کە لە چەند هەفتە لەمەوبەر بەڕێوە چوو، و سێهەم هەڵبژاردن بوو لە دوای شەڕو داگیرکاری ئەمریکا بۆ عێراق، کەمترین ڕێژەی دەنگدەران بەشداربونەو دەنگیان داوە. بە پێی قسەی دەزگا سەرپەرشتییەکانی خۆیان ڕێژەی کەمتر لە سەدا چلو سێ بەشدار بوونە. بەڵام وەک پێشتریش ئاماژەمان پێداوە بەپێی هەندێک سەرچاوە کەمتر لە سەدا بیست و سێ، دەنگی داوە. دیارە ئەم ڕێژەیەش ناکاتە ڕێژەی ستانداردی نێودەوڵەتی کە لەسەدا بیستو پێنجە. ئەم بەڵگەیەش ڕادەی ڕیسوایی و گاڵتەجاری زیاتری ئەم هەڵبژاردنە دەردەخات.

تەناتەت ئەگەر لەسەدا سەد ڕێژە فەرمییەکەی لێژنەی سەرپەرشتیاری عێراق ڕاست بێت ئەوە هەر مایەی گاڵتەجارییە. چونکە بەپێی خودی ئەو لێژنەیەو زۆربەی لایەنەکانی بەشدار، تەزویر بە شێوازی جۆراجۆر کراوە. لەمبارەیەشەوە بەڵگەی زۆر هەیەو بڵاوکرانەوە. بە تایبەتی بەڵگەکان لەسەر هاک کردنی کۆمپیوتەرەکان.

هەموو ئەمانەو زۆر بەڵگەی هەن، وەک وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارە کە بۆ نابێت خەڵک هیچ ئومێدو چاوەڕوانی یەکیان لەو حکومەتە هەبێت بۆ کەمترین ئاڵوگۆڕو چاکسازی و باشبوونی ژیان و گوزەرانیان لە داهاتودا.

خەڵکی بە گشتی و، ئەو کەسانەی کە دەنگیان داوە، دەبێت ئەوە باش بزانن کە ئەوەی دەگۆڕێت تەنها هەندێک لە دەموچاوەکانەو بەس. یاخود هاتنەپێشەوەو چونە دواوەی دەستەو تاقمە ئیسلامی و تایەفی و قەومی و خێڵەکیەکانە کە هەمویان یەک شێوەو ناوەڕۆک و، یەک ئامانج و مەبەستی، کۆنەپەرستی و سەرکوتگەریی و دژی ئینسانییان هەیە. ئەوەی بۆیان مەبەست نییە ئینسان و خواست و مافەکانی ئینسانە.

**حکومەتی داهاتووی عێراق هەمان ناوەڕۆکی حکومەتە ئیسلامی و تایەفی و قەومییەکانی ڕابردووی دەبێت!!**

# دیمانە لەگەڵ...سەردار عەبدوڵا حەمە سەبارەت بە چۆنیەتی گیران و بیرەوەرییەکانی ناو زیندانی ڕژێمی بەعس

سازدانی: ئاراس ڕەشید

## بەشی دووەم و کۆتایی



تێکۆشانی کۆمۆنیستەکان، لە پێناو دنیایەکی باشتر و دامەرزاندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستیدا، مێژوویەکی درەوشاوەیە... لەو ڕێگایەدا ژمارەیەکی زۆر لە کۆمۆنیستەکان گیانیان لەدەستداوە، یان لەلایەن جەلادەکانی بەعس و پارێزەرانی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەدارییەوە، توشی ڕاوەدونان و گرتن و شکنجە بوونەتەوە... بۆپێشەوە بە مەبەستی ناساندنی ڕۆڵی تێکۆشەرانەی ئەو کۆمۆنیستانەی لەلایەن بەعسەوە گیراون، تەوەرەیەکی تایبەتی دەکاتەوە... کەهەر جارەی گفتوگۆیەک لەگەڵ یەکێک لەو هاوڕێیانە دەکات، کە زیندانی کراون... **لەم ژمارەیەدا بەشی دووەم و کۆتایی لەگەڵ سەردار عەبدوڵا دەخوێننەوە...**

**بۆپێشەوە**: دۆخی ناو زیندان چۆن بوو؟ مەبەستمان ئەوەیە جۆری لێدان و شکنجەو لێپرسینەوە چۆن بوو؟ پەیوەندیتان لەگەڵ زیندانیەکانی تر چۆن بوو؟

**سەردار عەبولا حەمە** : هەموو جۆرە لێدانێکی فیزیکی هەبوو؛ هەڵواسین هەبوو کەلە پشتەوە دەستیان دەبەستین، وەدەیان خستینە سەر مێزێک بە پێوە ڕایان دەگرتین، تا دەستمان لە پشتەوە بگەیەننە قولاپی سەقفەکە، ئنجا مێزەکەیان لە ژێر پێماندا لا دەداو شۆر ئەبووینەوە بۆ خوارەوە، وەک شێوەی لە سێدارەدان بەهۆی قورسایی لەشمانەوە کە شۆڕ دەبیننەوە لەپشتەوە دەستمان لەگەڵ لاشەماندا ڕێک دەبووەوە لەوکاتەدا، تەقەیەک لە ناوشانمان دەهات، من وامدەزانی هەردوو شان وقۆڵم شکاوە. لە سەعات ٩ ی بەیانی تا سەعات ٣ ی دوای نیوەرۆ من هەڵوسرام، هەڵبەت بۆیە درێژەی کێشا بۆ من ئیعترافم نەدەکرد، جاروبار لەبەر ئازاری قۆڵم و دەستە بریندارو خوێناویەکەم دەموت: مێزەکەم بۆ بێنن ئیعتراف دەکەم تاوەکو پشوویەک بدەم. دیسانەوە بێ ئاگایی خۆم لە سەر سیاسی بوونم پی دەوتنەوە، ئێعترافم نەدەکرد هەر دەمووت ئێوە بەهەڵە منتان گرتوە. ئەو هاورێیانەیان دەهێنا، کە پێش من گرتبوونیان پێیان دەووتن کەبە من بڵێن ئیعتراف بکەم، منیش دەمووت: من ئەوانە ناناسم خۆم نەدا بەدەستەوە، ئەمجارە هاتن لەگەڵ خۆیان سروەیان هێنا پێیان دەووت بڵێ ئەگەر ئێعتراف نەکەی ئەبێ من تەلاق بدەی؛ سروەش فرسەتی هێنا بە هەورامی پێی وتم ئێعتراف نەکەی ئەوە خۆیان پێیان وتوم وا بڵێم. ئیتر کاتێ زانیان نە بەهەڵواسین و نە بەو ڕێگایانەی بەکاریان هێنا سوودی نەبوو. ئنجا دایان گرتم لە سەر مێزەکە ویستیان بە قسەی خۆش و بە بەڵێنی ئەوەی ئازادم دەکەن ئەگەر ئیعتراف بکەم، خەریک بوون لەگەڵمدا زۆریش سووکایەتیان پێ دەکردم (کە بەڕێوەبەری تەحقیقم نەقیب ماجد بوو لەو دوایانە لە ئەمنەکە کوژرا) نەقیب ماجد پێی دەوتم من دەزانم ئێوە لەهەڵەبجە چالاکیتان بووە لەگەڵ ڕەوتی کۆمۆنیست بووی، هەرئێوە بوونە هۆی ئەوەی ئیسلامی لە هەڵەبجە دروست بێت. یا دەیووت ئێوە تازە باسی کۆمۆنیزم دەکەن، یەکیەتی سۆڤیەتی بەو گەورەییەی خۆی نەما، ئێستا ئێوە دەتانەوێ جێگای بگرنەوە و تازە باسی کۆمۆنیزم دەکەن. یا دەیووت: ئێوە لە موخریبەکانی تاڵەبانی و بارزانی

لە هاوسەرەکەم، وەدەیانووت شیر بە منداڵەکەشت نادەین تا دەمرێ، منیش بەمانە زۆر نیگەران بووم گوێم لە ئازارەکانی خۆم نەبوو، بۆیە دانم بەوەدانا بەڵێ کاری سیاسیم کردووە ، چونکە هیچ نەمابوو نەیزانن سەبارەت بە من، دەیان نوسراوە هەبوون پێش من گرتبویان، ناوی هەموو ڕێکخستنەکەیان لەبەردەستدا بوو. نزیکەی ٦تا٧ کەس شاهیدیان لەسەر من دابوو، ئیتر بەچاوی بەستراوەوە بەسەروچاوی خوێناوی و شان وقۆڵ ودەست مەچەک ئاوساویەوە (هەر تەنها کەمێک گیانم

لەگەل زیندانیەکانی تری ناو ئینفرادیەکان پەیوەندیمان هەبوو. سروود و گۆرانیمان ئەوتەوە پێکەوە، یا جاروبار کەسی تازەیان دەهێنا لە بەرانبەر ژوورەکەی من دەیانبەستەوە، دەمبینی و تەجروبەی خۆمم بۆ باس دەکرد، و جاروباریش لە کونێکی پەنجەرەی دەرگاکەمەوە هاورێکانم دەبینی لە هۆڵێکدا پێکەوە بوون، تاک تاک دەهاتنە بەر پەنجەرەی هۆڵەکە باسی ڕابوردوومان دەکرد. بەلام هاورێکانی ترم لە ئینفرادیەکانم تەنها لەکاتی بردندا بۆسەر ئاو، دەمبینین



هەندێک لە زیندانیە چەپ وکۆمۆنیستەکانی ئەمنە سورەکە کە لەڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ ڕۆژی ٨مارس بەهۆی ڕاپەینەکەوە لەلایەن جەماوەری ڕاپەڕیوەوە ئازادکران.کاوە عومەر ئامادەی کردوە

زۆر خەتەرترن، چونکە من بڵاوکراوەکانی ئێوەم دیوە؛ ئێوە جگە لە ڕووخانی حکومەتی نیشتمانی بە هیچی تر ڕازی نابن، بەڵام تاڵەبانی و بارزانی جارو بار مفاوەزاتمان لەگەڵ دەکەن ئەوان وەطنی ترن لە ئێوە. منیش وتم نازانم تۆ باسی چی دەکەی، من کەسێکی سیاسی نیم ئنجا بردمیانەوە بۆ هەڵواسیەنەکە، وزۆرتوندتر ئەشکەنجەیان دەکردم، بۆ ماوەیەکی زیاتر بە هەڵواسراوی دەیانهێشتمەوە، هەرچی دەمووت مێزەکەم بۆ بێنن بۆیان نەدەهێنام. بەڵام دوا جار باسی تەعدایان دەکرد

تیا مابوو دەنا لاشەم هەموو تێک شکابوو) هەڵیان دامە ئینفرادیەکەوە لە نهۆمی دووەمی زیندانەکە. ئینفرادیەکە بە ئەندازەی خۆم کەمێک درێژتر بوو، پانییشی یەک مەتر دەبوو، کونێکی بەرزی تیابوو لە جیاتی پەنجەرە، بەڵام شووشەی نەبوو، وەهەمیشە کراوە بوو تەنانەت لە چلەی زستانیشدا.

سەبارەت بە پەیوەندیمان لەگەڵ زیندانیەکانی تر؛ من لە ئینفرادی بووم دابڕێنرابووم لە زیندانیەکانیتر، هە ر بە قسە کردن بەبێ یەکتر بینین

کە بە بەردەم ژوورەکەی مندا دەیانبردن. مامەڵەیان لەگەڵمان لە زینداندا تا بڵێی وەحشیانە وبەربەریانە بوو، لەژورێکی بچوک دابڕاو لە ژوورەکانی تر ولە هۆڵەکان منیان دانا تا زیاتر لە ٥ مانگ لەوێدا بووم، دواتر بەهۆی شەڕی ئەمەریکا و هاوپەیەیمانان لەگەڵ عێراق، ولە ترسی بۆردومانی فڕۆکەکانیان زیندانیەکانی ناو ئینفرادیەکانی سەرەوەیان بردە هۆڵێکەوە لە نهۆمی خوارەوە، کە تەنها بۆ جێگای ٤ کەس دەشیا، بەڵام ١٦ کەسیان تێ کرد بوو. هەندێکیان زیندانی سیاسییش نەبوون، کەسی تیابوو لەسەر ئینسان کوشتن گیرابوو، یا کەسی هاوڕەگەز باز بوو، یا کەسی تیابوو لەسەر سنورەکان گیرابوون، لەوانەی کە دەیانویست بڕۆن بۆ دەرەوەی ولات. ئیتر لە ماوەی ئەو ٦ مانگەدا ئەشکەنجە لەسەر من لا نەبرابوو، ناو بەناو ئەیانبردمە دەرەوە بە کێبڵ وتێهەلدان ئەشکەنجەیان دەکردم، داوای زانیاریان لێ دەکردم. خواردنیشمان زۆر خراپ بوو، رۆژانە ٣ نانی بچوکمان دەدرایە، لەگەڵ قاپێکی بچووک لە شلە، کە تەنها ئاوەکەی بوو لەگەڵ دووسێ دانە خورما وهێلکەیان ئەدا پێمان. گۆشتمان پێ نەئەدراو میوەمان نەبوو وابزانم یەک جار پرتەقاڵێکمان وەرگرت، من بە هەفتەیەک خواردم، تەنانەت توێکڵەکەیشم دەخوارد. دوو سەتڵی ماستمان لە ژوورە ئینفرادیەکە دانابوو، یەکێکیان بۆ خواردن بوو، ئەوی تریان میزو پیساییمان تێ ئەکرد، چونکە ڕۆژی یەکجار دەیانبردین بۆسەر ئاو. خۆشۆردن مانگی جارێک بوو، ئەویش هەر لەهەمان تەوالیت بوو، بە ئاوی تەزیوی تەنکیەکانی سەربان بوو، بە تایبەت لەو زستانە ساردەی سلێمانیدا. یەکجار سەریان تاشین بە مەکینە کول وپیس، ئەویش بۆ ناشرین کردنمان بوو، بۆ ئەوەی ئازاری نەفسیمان بدەن، بۆ نموونە؛ سەری منیان هەر لە ناوەراستدا دەتاشی بە شێوەی نیشانەی زاید.

**بۆپیشەوە**: چۆن و کەی ئازادکران؟ دەتوانن بیرەوەیی ناو زیندانمان بۆ بگێرنەوە، خۆش یان ناخۆش؟

**سەردار عەبدولا حەمە** : شەوێک پێش ئازادبوونمان، واتە شەوی ٧/٣ لەو هۆڵەی کە وتم ١٦ کەسی تێدا بوو، بەدەنگێ خەبەرمان بووەوە، دەنگەکە لە تەقەی فیشەک ئەچوو، من یەکسەر وتم تەقەی تفەنگە، یەکێ وتی تەقەی بەرمیلە وشتی ماڵانە، وتم ڕاوەستن باش گوێ بگرن، تا دەهات تەقەکردن بەردەوام بوو، وە دەنگی ئاربیجی تێ کەوت هەموو باوەڕمان هێنا کە شەرێکی سەختە. بەڵام نەمانزانی لە نێوان کێدایە، ئەم شەڕە. پێشتر بیستبوومان کە ئەمریکا کودەتای سەربازی دەکات، پێمان وابوو کودەتا کراوە لە بەغدا و وا درێژەی کێشاوە وئێستا کودەتاچییەکان لە سلیمانی شەڕ لەگەڵ حکومەت دەکەن. دواتر تەوەقوعەکەمان هەڵە دەرچوو، تا دەهات تەقەکان نزیکتر دەبوونەوە، ئنجا گوێمان لە هاوارو بانگکردن بوو بە کوردی. بڕیارماندا یەکێ لە زیندانیەکان بخەینە سەرشانی یەکی ترمان، تا

# دیمانە لەگەڵ...سەردار عەبدوڵا حەمە سەبارەت بە چۆنیەتی گیران و بیرەوەرییەکانی ناو زیندانی ڕژێمی بەعس

لە پەنجەرە بچووکە بەرزەکەوە سەیرێکی دەرەوە بکات، کوڕێکی کوردی بادینی کە بالای زۆر بەرز بوو، بە... تۆمەتی تەجاوەز حدود گیرا بوو بەرزکرایەوە بۆ پەنجەرەکە. لەپڕ لەسەر شانی ئەوی تر بازی دایە خوارەوە؛ وتی "ب خودی ئەز خەڵک وپێشمەرگە دیتن شەڕ دکەن"، منیش یەکسەر ئەو سروودەم هاتەوە خەیاڵ کە هەمیشە لە زینداندا دەمووتەوە "سروودی بیرمە شلەی کولەکە بوو، قاپی هەر یەکەمان دوو دانە قاشی کولەکە لەگەڵ ئاوەکەی بوو بە بێ نان. ئیتر دوای ئەمە هیچ کەسمان نەدی بێتە ژورەوە وشەڕەکە درێژەی هەبوو، فیشەک بەر دیواری زیندانەکە دەکەوت تا تاریک داهات، شەڕەکە خەستر دەبووە. دەنگە دەنگ وقیڕەی ئەمنەکان تا دەهات زیاتر دەهات، هەستم دەکرد خەریکە شکست دێنن، ڕۆژ بووەوە دەنگ کەمتر بوەوە، بەڵام تەقە دەستگیر کرابوو. لە پێشدا خەڵک چووبوون ژورەکەی ئەویان کردبووەوە، هات باوەشی گەرمی بە مندا کرد، چونکە منی زۆر خۆش دەویست (پێشتر لە ئینفرادیەکانی نهۆمی سەرەوە بوو ڕۆژێک بردیان بۆ تەوالیێت فرسەتی هێناو هاتە بەر پەنجەرە کەی من بە منی وت باوەڕکە سەردار ئەگەر من وتۆ لەیەک ژوورر بووینایە پێکەوە، هەستم نەدەکرد کە سجنم وتم بۆچی؟ وتی: چونکە تۆ (هەرچەندە کەس وکارو هاوڕێ و دۆستەکانم هاتبوون بۆئەوێ، بەڵام لەو کاتەدا کەسم نەدی، ئیتر کەسێک بە تراکتۆرەکەی منی هەڵگرت وتی من ئەتبەمەوە بۆ ماڵەوە، منیش لەگەڵی سەرکەوتم لە تەنیشتی خۆی داینام دەستی بە لێخوڕین کرد، دەستڕێژی فیشەک بەرەو ڕوومان هاتوو خۆمان دانەواند، زۆر ئەو بەخێرایی تراکتۆرەکەی لێ دەخوڕی بە ناو جادەی مەولەویدا کە بەرەو سابونکەران

**سزای لە سێدارەدان، "ئیعدام" یان هەر سزایەکی دیکە، کەدەستدرێژی بێت بۆ سەر لەشی ئینسانەکان" بڕینی ئەندامەکانی لەش، سزادانی جەستەیی و...تاد" لەهەموو حاڵەتێکدا قەدەغەیە و دەبێ هەڵبوەشێتەوە... هەروەها سزای زیندانی کردنی ئەبەدی دەبێ هەڵبوەشێتەوە!!**

ئەنتەرناسیونال" یەکسەر بەبێ پرسی کەس، دەستم کردەوە بە خوێندنی ئەو سروودە، یەکێ لە هاورێکانم لێم توڕە بوو، وتی ئێستا کەی کاتی ئەوەیە، ئەگەر ئەمنەکان گوێیان لێ بێت دەرگا دەکەنەوە هەموومان دەکوژن، منیش وتم: باشە تەواو، تا دەهات شەڕ بەردوام بوو ئەو شەوە نەخەوتین هەر گوێمان دەگرت، تاوای لێ هات هێزەکانی ئەمن هاتبونە دەوروبەری زیندانەکە، گوێمان لە هات و هاورایان بوو بە عەرەبی یەکتریان بانگ ئەکرد وئەیانقیڕاند وشپرزەییان پێوە دیاربوو. ڕۆژ بووەوە بەیانیەکەی ئەفسەرێکی ئەمن لەگەڵ چەند پاسەوانێک هاتنە هۆڵەکەی ئێمە بە چەک وتفەنگەوە، یەکەمجارە بەم شێوەیە بێنە ژوورەوە قیڕاندیان بەسەر مندا وتیان هەستە سەرپێ؛ وتی: (سردار تعال لگیدام) پێم وابوو دەمبەنە دەرەوە بۆ کوشتن، یەکسەر قسەی هاورێکەم بیرکەوتەوە کە وتی کەی ئێستا کاتی سروود خوێندنە، پێی وتم ناوی خۆت بە تەواوی بڵێ؛ منیش پێم وتن، ئەویش وتی: بڕۆ دواوە، هەناسەیەکم هەڵکێشا لە خۆشی ئەوەی کە نەیانبردم، ئەوان بۆئەوە هاتبوون بزانن کەس ڕای نەکردوە تەنها سەرژمێریان کردین. ئنجا چونە هۆڵێکی ترەوە لەکونی دەرگاکەمانەوە بینیمان کەسێکی زیندانیان لەگەڵ خۆیان بردە دەرەوە . ئیتر نیوەڕۆکەی هەمان ڕۆژ خواردنیان هێنا، لە زۆر بوو، هەستمان کرد ئەمنەکان لە دەوروبەری زیندان نەماون، چونەتە بیناکەی خوار زیندانەکە لەوێوە مقامەوەتیان دەکرد. نزیک نیوەڕۆ بوو بڕیارماندا دەرگای زیندان بشکێنین، دەرگای زیاندانیش دوو قوفڵی گەورەیە ئاسان نییە شکاندنیان، چووین بۆڕی بەلوعەی تەوالێتەکەمان دەرکرد، هەر بۆمان نەشکا، تا زیاتر لە سەعاتێک هەوڵەکەمان سەری نەگرت، لە پڕێکا گوێمان لە دەنگی خەڵک و چەکداری کورد بوو لە ناو زیندانەکەدان، کارەبا نەبوو زۆر تاریک بوو لە کونی دەرگاکەوە من بانگم لێ کردن وەرن بۆ ئێرە کاکە سجنەکان لێرەن، هاتن و دوو چەک بە دەست وتیان کاکە خەمتان نەبێ ئێستا دەرگاکە ئەکەینەوە بۆتان یەکێکیان وتی: بچنە دواوە فیشەک ئەنێین بە قوفڵەکانەوە، دوای ئەوەی چەند فیشەکیان تەقاند بەڕووی قوفڵەکاندا، هەردوو قوفڵ شکان و دەرگایان کردەوە و هاتنە ژورەوە باوەشیان پیاکردین، ئێمەیش لەگەڵ زیندانیەکانی تردا باوەشمان بە یەکدا کرد، و بەشێک لە زیندانیەکان لە خۆشیانا دەستیان کرد بە گریان، من خۆم پێ دەکەنیم داواشم لێکردن بۆ دەگرین ئێمە ئازاد بووین، یەکێ لەو کەسانەی کە لە دەرەوە هاتبوو لەگەڵ چەک بەدەستەکان تەحسین قادر بەرزنجی بوو، ئەویش زیندانی بوو بە تۆمەتی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران کەسێکی وورە بەرزیت ناڕوخێی، تۆ ژن و منالێشت گیراوە کەچی هەمیشە سروود و گۆرانی دەڵێی، قسەی خۆش دەکەی، منیش وتم هیوام وایە بە یەکەوە بووینایە، بەڵام ئەترسام زۆر شەڕ بکەین بەیەکەوە چونکە من کۆمۆنیست وتۆ ناسیونالیست ناکرێ لەیەک ژوردا بین، وتی: ئەو کاتە هیچ موناقەشەمان نەئەکرد بۆئەوەی بەینمان تیک نەچێت). جا یەکەم کەس ئەم کاک تەحسینە لەدەرەوە هاتە ژورەکەی ئێمەوە باوەشی بەمندا کرد، دواتر چووینە ناو هێزی خەڵک وپێشمەرگەوە (پێشمرگەکانی تیپی ٥٧ سەگرمەی یەکیتی لەوێ بوون) بەرەو شکاندنی دەرگای زیندانیەکانی تر ڕێگەمان پیشاندان ئەدان. چووینە ژووری ئیدارەی زیندان وشوێنی تەحقیق و جێگای هەڵواسینەکان، پاشان هاتینە دەرەوە لە دەرگای ئەمنە سورەکەوە، بەڵام هێشتا شەڕ بەردەوام بوو لە بیناکەی خوارەوە، ئەمنەکان تەقەیان لە ئێیمە کرد وکەسێک لە پێشمەوە ئەرۆشت ئەیوەیست بپەڕێتەوە بۆ جادە تەقەیان لێ کرد وبریندار بوو کەوت، وتم: کاکە تۆ سەلامەتی وتی: بەڵی بڕۆن هەقی منتان نەبێت با ئێوە هیچتان لێ نەیەت، لە ژێر سەلیەی کلاشینکۆفی ئەمنەکان خۆم گەیاندە جادەکە، لەوێ خەڵکێکی زۆر وەستا بوون، هاتن بەرەو ڕووم و وتیان کاکە تۆ سجن بووی؟ وتم: بەڵێ باوەشیان پیا کردم دەرۆشتین بۆ ماڵی دایکم، جارجارە بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد یەکێ لە سجنەکانم هێناوەتەوە، خەلکیش لەسەر جادە چەپڵەیان بۆلێ دەدا، دەیانووت بژی تۆ وهەندێکیش تەقەی خۆشیان دەکرد. کاتێ گەیشتینە نزیک ماڵی دایکم لە دووری پەنجا مەترەوە دابەزیم، و دایکم هاتە دەرەوە منی بینی لەبەر دەرگا کەوت ولەهۆش خۆی چوو، بەڵام سروەی هاوسەری ئەو کاتەم (کە ڕۆژێک پێش من ئازاد کرابوو چونکە لە سجنی پۆلیس بوو)، هات باوەشی پیا کردم ویەکترمان ماچ کرد، دواتر چووم باوەشم بە دایکما کرد وماچم کرد، وهەندێک ئاویان کرد بەسەروچاویدا بەهۆش خۆی هاتەوە وتم: دایکە بۆ وات لیهات؟ ئەویش وتی: کە تۆم بینی ئاوا بە زەعیفی و ڕەنگ زەردی، لە خەفەتا ئاگام لەخۆم نەما . ئیتر من لە ئێوارەی ٨/٣/١٩٩١ ئازاد کرام لەگەل سەرجەم زیندانیەکانی ئەمنە سورەکە جگە لە زیندانیەک کە پێشتر باسم کرد لە ناو زینداندا ئەمنەکان کەسێکیان بردە دەرەوە دواتر بۆمان دەرکەوت لە پێش زینداندا بەکاریان هێنابوو وەک بارمتە بۆئەوەی خەڵک لە مقاوەمە دوور بخەنەوە، و بە داخەوە هەر لەوێ تیرۆریان کردبوو لەپێش چاوی خەڵکە ڕاپەڕیوەکەوە، ئەو کەسە ناوی محمەد بوو وە ئیسلامی بوو.

**کرێکاران، زەحمەتکێشان،لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!**
**بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ روبەروبونەوەی فکر و راگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو رەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...بلندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری راستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێک کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەک وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەک و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی... بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزاییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیبەریان، دەیانەوێ بەلاری، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو راستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە رێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەوڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنیەکان... بە ئێمە بگەیەنن... bopeshawa@gmail.com / ماڵپەری بۆپێشەوە / www.bopehsawa.net**

## درێژەی....سەردەشتەکانی نەوشیروان مستەفا یاخود سەردەشتەکانی یەکێتی

بدەن. چین ئەو تاوانانەی کە پارتی کردوونی و یەکیەتی نەی کردوون هەندێک جاران بەزیادیشەوە. بە بارێکی تردا ئەدی ئەو تاوانانە چین کە یەکیەتی کردوونی و پارتی لێیان بێبەریەو نەیکردوون لە مێژووی خۆیدا؟ کەواتە من پێم وایە هەردوکیان دوودیوی یەک دراو پێکدەهێنن و بەهەردووکیان پێیان دەگوترێت سیستەمی حوکمڕانی لەکوردوستان.

کەواتە ڕوونتر بڵێین، ناکرێت بۆ کوشتنی خۆپیشاندەرانی ١٧ی شوبات بچین ملی لقی چواری پارتی بگرین و ئیتر لێی پاڵدەینەوە. ئەم لقی چوارە سەر بەسیستەمێکە کە ئەگەر هەر کەسێک بەرپرسی بێت دەبێت هەمان کاری ١٧ی شوبات ئەنجام بدات. ئەدی لەبیرتان نییە و نەتان بینی کە بەرپرسانی سەرووی لقی چوار هەڕەشەی پەنجە قرتاندنیان دەکرد لەو کەسانەی کە بەرد دەگرنە بیناکەی لقی چوار؟ ئەمە ئەو ئەو سیستەمەیە کە کاکی بەرپرسی لقی چوارو بەرپرسانی مەڵبەندو برادەرانی مەکتەب سیاسیەکان کاری تێدا دەکەن و لە ناویدا تواونەتەوە. ئەگەر بێت و ڕوومان وە چاومان تەنها لەسەر چەند بکەرو فەرمانبەرو پیاوکوژێک بێت ئەوا دڵنیابن کە سیستەمەکە ئەوەی گەرەکەو هەر ئەوەش هیوایەتی. بە وەدیهاتنی ئەو هیوایەشی سیستەمەکە خۆی وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێت و ڕوو سوورانەش خۆی نیشاندەدات.

ئایا هاوڕێیان ئێوە ئێستا گلەییتان لەچەند بەرپرس و کەسێکی پیاوکوژە لە نێو ئەو سیستەمەدا یاخود کۆی سیستەمەکە ڕەتدەکەنەوە؟ ئەگەر بەشی یەکەمتان هەڵبژاردووە ئەوا بێگوومان بن کە هەڵەن. وە پێویستە ئەو ڕایەتان بگۆڕن. ئەگەر بەشی دووەمیش هەڵدەبژێرن ئەوە با هەمووومان ڕەخنەو گلەییەکانمان بە فیعلی ئاراستەی سیستەمەکە بکەین. بۆ مەسەلەی تیرۆرکردنی ئەو پۆلە هاوڕێیەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریش با لەسەر هەمان ڕێچکەو بۆچوونی درووست بڕۆین. کە پێمان وابێ ئەوە دەسەڵات و سیستەمەکەیە ئەو تیرۆرەی ئەنجام داوە. دەسەڵات و سیستەمەکەش یەکیەتی نیشتیمانی کوردوستان ڕابەرایەتی دەکات و نوێنەرایەتیشی دەکات. ئیتر با هەموو لایەک نەکەینە دوژمنی ڕاستەوخۆی خۆمان. نەک لەبەرئەوەی دەرەقەتی نایەین بەڵکو لەبەرئەوەی ئەگەر وابکەیین کارێکی دروست ناکەین و ئەنجامی کاریگەریشی نابێت کە سوودێک بە حیزب و ئەم کەیسە بگەیێنێت. ئایا پێتان باشە کە ئەم کەیس[...] یەکلابێتەوە؟ ئەگەر بەڵێ ی[...] فەرموون ڕاستەوخۆ مل[ی] یەکیەتی و ڕابەرایەتی یەکیەتی بگرن کە لەسەرخواستی کۆماری ئیسلامی ئێران و ئارەزووی خۆشیان لەو کارەد[ا] ئەو تیرۆرەیان ئەنجام داوە.

کورتەو پوختەی مەسەلەکە ک[ە] دەمەوێت ڕایبگەینم ئەوەیە کە به باوەڕی من، ئەگەر نەوشیروان موستەفا هەر ل[ە] ئاراشدا نەبایە، ئەو کارە ل[ە] بەرامبەر کۆمۆنیستەکاندا هەر ئەنجام دەدرا. نەوشیروان موستەفا سیاسەتەکانی یەکیەتیەتی لەسەر داخوازی کۆماری ئیسلامی ئێران جێبەجێکردووەو ئەگەر ئەویش نەبایە کەسێکی تر لە ناو یەکێتیدا هەمان سیاسەتی بۆ یەکیەتی دەبوایە جێبەجێکردبایە.

shwanaz@yahoo.com

## درێژەی... جیابوونەوە یان فشاربردن بۆ گۆڕانکاری

زۆر بە ئاسانی و بە زوویی کاریگەری زۆر باش لەسەر خەڵکی چەوساوە دابنێن بۆ بەرپاکردنی گۆڕانکاری باشتر کۆکردنەوەی هێزی چەوساوە و کرێکار لە دەوری نەخشە ڕێگای بە دیلی کۆمۆنیستی و کرێکاری پاشان بەهاوبەشی داهاتوێکی باشتر و ئازاد وبەرابەر بەدی بهێنن بەپێچەوانەوە ئەگەر کار لەسەر جێبەجێکردنی نەخشە ڕێگایەکی هاوبەش نەکرێ هەردەبێت بڵێین ئەو نانە بەو ڕۆنە، هیچ بەهیچ بە ناکرێت...

پێویستە حیزبە چەپ و کۆمۆنیستەکان خۆیان لە مەحفەلیزمی حیزبی بچوک وبێ کاریگەر ڕزگاربکەن. نەخشە ڕێگایەکی باشتربخەنە ڕوو بۆ گەشەی کۆمۆنیزم کە هەماهەنگ بکرێت لەگەڵ گەشەی بەرەو پێشچوونی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک، زۆرینەی جیابونەوەکان لە هەبوونی نەفس کورتی یەکترەوەیە، لەناو حیزبە کۆمۆنیستەکان قبوڵکردنی بیروباوەرە جیاوازەکان نابیندرێت. کێشەو جیابوونەوەکان پەیوندار نییە بەکێشەکانی خەڵکەوە. ئەگەر مەسەلە ئختیلاف جیاوازی بیرکردنەوەیە بۆ لەناو حیزبە کۆمۆنیست و چەپەکان ئەوروپا جیاوازی فکرو بیرکردنەوە نییە؟! بۆچی ئەوان یەکتری تەعامول دەکەن، بەڵام لەعێراق و ئێران ئەوە نییە. ئاسانترین ڕێگا هەڵدەبژێرن کە جیابوونەوەیە بۆ ئاسودەکردنی دەروونی خۆیان، لەگەڵ ڕێزمدا ئەوە دوور لەسیاسییە. بەدڵنییایەوە سەردەم لە گۆڕانکاری دایە ناکرێت سەرکردایەتی حیزبە کۆمۆنیستەکان حیزبەکانیان لەو گۆشەگیری وپەرتەوازەیەدا چیتر ڕابگرن، ئەبێت ئەوە بزانن پێویستی بە جۆرێکی تر لە حیزبایەتی هەیە لەقۆناغی ئێستادا جۆرێکی تر لە خەباتکردن و تێکۆشان پێویستە. بۆرجوازی لەعێراق ڕووی کردۆتە هاوپەیمانی، قەوارە و لیست دروستکردن بەدڵنیاییەوە ئەم هەنگاوەی بۆرژوازی لەشکستەوەیە. لەبیرمان نەچێت حیزب وەسیلە بۆهێنانەدی ئامانج نەک پەرستن ئەبێ هەموومان دان بەوڕاستی یە دابنێین. ڕەخنە لە تێکۆشانی بزوتنەوەی حیزبە کۆمۆنیستەکان بگرین بەئاراستەی بەهێزکردنی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی، بیر لەڕێگاچارەیەکی تربکەینەوە دەست بخەینە سەربرینەکان و سارێژی برینەکان بکەین میکانیزمێکی دروست بۆدۆزینەوە بۆکارکردن کەجێگەی هەموومانی تیابێتەوە، ئەویش جێبەجێکردنی نەخشە ڕێگایەکی هاوبەشە بۆ داکۆکیکردن لەماف و ئازادییەکانی خەڵکی چەوساوەی کۆمەڵگەی عێراق و کوردستان. حیزب بۆ خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش سەلکە تورێک ناهێنێت کە نەتوانێت ئایندەیەکی باشتر و ئازاد وبەرابەری بۆ بەدی بهێنێت...

# مافی هەر منداڵێکە کە بەهرەمەند بێت لە ژیانێکی بەختەوەرو ئاسودەو داهێنەرانە!

## درێژەی.... دوا وتە

چاوسورکردنەوە هەیە، تەنانەت لێدانیش ماوە. وە بەشێکی زۆری منداڵان بەهۆی سەختی ژیانەوە دەخرێنە ناو بازاری بێرەحمی کاری پیشەییەوە، لێدان و ئازاردان لە ماڵەوە بۆ قوتابخانە، ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە. تیکەڵ بەکاری سیاسی دەکرێن و ژمارەیەکی زۆریان تیکەڵ بە خورافەی دینی دەکرێن،... مزگەوت بۆ کوران و و حجاب پۆشی بۆ کچان هەیە... لە قوتابخانەکاندا لەیەکتری جیادەکرێنەوەو نامۆ بەیەکیان دەکەن، یاری کوڕانەو کچانە هەیە، بە ئاگرو دوپشکی جەهەنەم دەرترسێنرێن و وانەی دینیان پێ دەوترێتەوە... بەکورتیەکی لە ژیانێکی تا بڵێی دژواردا ڕاگیراون. لە جیاتی ئەوەی گەورەکان گوێ لە منداڵان و خواستەکانیان بگرن، بە منداڵان دەڵێن گوێڕایەڵ بن. منداڵان وەک ئینسانی تەواو تەماشا ناکرێن، بە پاساوی ئەوەی کە لەشت تێناگەن ڕاستییەکانیان پێناوترێت و هەوڵدەدرێت شتگەلێکی زۆریان لێ بشارنەوە. ئەم هەلومەرجە ڕێگە لەوە دەگرێت منداڵان لەزەت لە ژیانی منداڵانەی خۆیان ببەن... ڕێگە لەوە دەگرێت منداڵان خاوەن ئیرادەی سەربەخۆ بن و توانایەکانیان دەربخەن، بێ مافەکانیان هێندە زۆرە نەوە لەدوای نەوە منداڵی شەرمن لە دڵی کۆمەڵگەدا، بەدوای یەکدا دەهێنرێن. منداڵانی بێ دایک و باوک، یان بی سەرپەرشتی خێزان... دەوڵەت بەرپرسیاریەتی ژیان و گوزەرانیان هەڵناگرێت و ناچار بەوە دەکرێن خۆیان بەرپرسیاریەتی خۆیان و ئایندەیان لەسەر خۆیان بێت. نەک هەر بەد کەڵی سیکسیان بەرامبەر دەکرێت، بەڵکو کچانی تەمەن نۆ ساڵ لەلایەن ڕەوتە ئیسلامیەکان و لەسەر سونەتی محەمەدی ئیسلام ڕێگەپێدراوە لە ٩ ساڵیدا بەشو بدرێن!! ئیغتیسابی شەرعی... بکرێن. هێشتا کچانی خوار تەمەنی باڵق بوون بەزۆر بەشو دەدرێن، بەڵی ئەمەیە حاڵی منداڵان لە شوێنی وەکو عێراق و کوردستاندا...

دیارە بەرپرسی سەرەکی ئەم ژیانە جەهەنەم ئاساو نابەرابەرو زاڵمانە و بێمافییە هەمەلایەنەیەی منداڵان، بەجیا لە دین و کاریگەری ڕەوتە کۆنەپەرست و ئیسلامیەکان، دەسەڵاتی سیاسییە... دەسەڵاتێکە کە باکی بە ئایندەی نەوەکانی خۆیی نییە و دەیەوێت هەموو کۆمەڵگە بە منداڵانیشەوە بخاتە خزمەت قازانج پەرستی و مانەوەی دەسەڵاتی زاڵمانەو دڵڕەقانەی خۆیەوە...

ئەو هەلومەرجەی منداڵان قابیلی قبوڵ نییە. بەرەی ئینسانی ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازو لایەنگرانی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا لەبەرامبەر بەو دۆخە بەئاگان و پێویستە لە چوارچیوەی خەبانی خۆیاندا بۆ باشترکردنی ژیانیان، پرسی منداڵان بکەنە پرسێک بەرەو چارەسەر و بەیاسایی مافەکانی منداڵان بسەپێنن بەسەر دەسەڵاتدا. با یادی جیهانی منداڵان بە دروستکردنی ژینگەیەکی پڕ ئاڵاو واڵاو ڕەنگاو ڕەنگ و بەرەسمی ناسینی مافەکانیان بەرز ڕابگرین.

2008–6–1

دوا لاپەرە سالی دوەم ژمارە ( 29 ) 1/6/2018

بۆپێشەوە
Forward


سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

راوێژکاری سەرنووسەر: رێبوار ئەحمەد

نووسەرانی ئەم ژمارەیە: ئاراس رەشید، هەتاو عەبدوڵاهی، رۆژ عەزیز، پەخشان کاکە وەیس، شوان عەزیز، عەبدوڵا مەحمود، عبدالرحمن رەسوڵ، مزەفەر عەبدوڵا

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

# بەرزوبەڕێز بێت یادی خەباتکارانەی هاوڕێ فەریدون حسێن زادە...



بەرواری۲۳/٦/۲۰۱۸ فەرەیدونی حوسین زادە، بەهۆی نەخۆشیەوە، بۆ هەمیشە چاوی لێکنا... فەریدونی حسێنزادە وەکو لاوێکی خوێن گەرم و پر هیوا بۆ ڕزگاری لە زوڵم و ستەمی نابەرابەری نیزامی سەرمایەداری روو بەرەو چەپ و کۆمۆنیزم دەهنێت و لە سەرەتایی نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا، پەیوەست دەبێت بە ریزەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقەوە. هاوڕێ فەرەیدون لە ڕیزی هێزی چەکداری ئەو حزبە دریژە بە خەباتی کۆمۆنیستی خۆی دەدات... هاوڕی فەرەیدون بەهۆی هەمیشە ئامادەیی و نەسرەوتویی و دڵسۆزی بۆ ریبازو هاوڕێکانی زوو دەبێتە سیمایەکی خۆشەویست...دوای ئەوەش کە واز لە حزب دەهێنێت... وەکو کەسایەتیەکی چەپ دەمێنتەوە و درێژە بە کاروانی خەباتی خۆی دەدات لە پیناو دنیایەکی باشتردا...

زۆر بەداخەوە، ناوادە مەرگ ڕێگای ژیانی لێداخست و بۆ هەمیشە چاوەکانی لێکناو دەریایەک لە یادو بیرەوەری خەباتکارانەی لەدوای خۆی جێهێشت، ئێمە بەو بۆنە غەمناکەوە پرسەو سەرخۆشی خۆمان ئاراستەی خێزان و کەس و کارو هاوڕێ و ئازیزانی دەکەین...

**بۆپێشەوە**

## هاوڕێمان بن لەفەیسبووک!




**دوا کات بۆ ناردنی بابەتەکانتان بۆ ژمارەی داهاتووی بۆپێشەوە...**

13-6-2018

**بۆپێشەوە بخوێنەوە... بیگەیەنە دەستی هاوڕێ و هاوکارەکانت...**

## دوا وتە

# منالان زوڵملێکراوترین بەشی کۆمەڵگەن!

**نووسینی: عەبدوڵا مەحمود**



پێویست بە بەڵگە هێنانەوە ناکات، کە لە کۆمەڵگەی چینایەتی ئێستادا، منالان بێبەشترین و ستەملێکراوترین توێژی کۆمەڵگەن. راستە ستەم و نابەرابەری، هەلاوردن و هەژاری، بێکاری و گرانی، دەیان دەردو موسیبەتی تر یەخەگیری چینی کریکار و توێژە بێبەشەکانە، بەڵام لەناو کورەی ئەم نابەرابەریی و ستەم و زوڵمە سیستماتیک و بێ پەروایەدا، منالان زوڵملێکراوترین بەشی کۆمەڵگەن. ئەگەر کرێکاران و کارمەندان، لاوان و ژنان، زوڵمیان لێدەکرێت و مافیان پایماڵ دەکرێت، بەڵام توانای بەرگری لەخۆکردنیان هەیە. لەکاتێکدا منالان بەتایبەتی لە خیزانە کەم دەرامەت و هەژارەکاندا قوربانی یەکەمی ژیانی مەمرەو مەژین، لەوەش واوەتر منالان بەهۆی منالْ بوونیان توانای بەرگری لەخۆکردنیان نییە و پێویستیان بە پاریزبەندی و چاودێری گەورەکان و یاساو ریسایە، کە پارێزگارییان لێبکات.

ئەگەر لە بەشێک لە وڵاتانی دنیادا، تا رادەیەک مافی منالان بە فەرمی ناسراوەو دەوڵەت و یاسا بەرگری لە ماف و داخوازییەکانیان دەکات. هەرەشەو لێدان و سوکایەتیکردن پێیان یاساغە، کارکردن و بەدکەڵک وەرگرتنی سیکسی و بەکارهێنانیان لە ریزەکانی سوپاو...تاد، بەیاسا قەدەغەکراوە، وە بێگویدانە هەلومەرجی خیزانیان لەرووی مافەکانەوە، مافەکانیان پارێزراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەزوربەی هەرەزۆری دنیادا، هێشتا منالان لەسەرەتاییترین مافی منالْی خۆیان نەک بێبەش کراون، بەڵکو هاوکات کارکردن بە منالان، هەرەشە و چاوسورکردنەوەو لێدان و ئازاردان، بەکارهێنانیان لەسوپا و جەنگدا، تا دەگاتە بەدکەڵک وەرگرتنی سیکسی و گرتنە ئەستۆی بژێوی خێزان... راستیە شەرمئاوەرەکانی دنیای ئەمرۆن.

لە وڵاتانی دواکەوتوو، لەو دەوڵەتانەی سەرچاوەی یاساکانیان و دەسەڵاتەکانیان مەزهەبی یان تیکەڵاو بە دینە، دۆزەخی واقعی بۆ منالان داخراوەو جەستەی ناسکیان دەکاتە قەرەبروت. لە وڵات و شوێنی وەکو عیراق و کورستاندا، بەشێکی زۆری منالانی چین و توێژە نەدارەکان ئەو توێژەن، کە لە خوێندن و پەروەردە بێبەشن، ئەوانەشی شانسی چوون بۆ قوتابخانەیان هەیە، لە ژوری بچکۆلەدا ۳۰، ٤۰، ۵۰ قوتابی مۆڵ دەکرێن، سێ شفت دەوام هەیە بەهۆی نەبوونی بیناوە. نەهجی خوێندن قورس و ترس ئامێزو دواکەوتوانەیە، شوێنی یاری و وانەی سەرگەرمی کەمە. لە زۆر لە قوتابخانەکاندا ترس و

بۆ لاپەرە ١١